دکتۆر عەبدوڵلا غەفور

# بارزانم چۆن دیت

ستۆکهۆلم - ١٩٩٥

hb vok udl kurd
98.215

Ghafur, Abdulla
Barzanim chôn dut

3211323964

hb vok udl kurd
98.215

Ghafur, Abdulla
Barzanim chôn dut

3211323964

**به یادی هەشت هەزار بارزانی بێ سەروشوێن کراو،**
**لەوانەش:**
**شێخ عوسمان**
**عەبدولباری**
**عیماد . . .**

کتێب: بارزانم چۆن دیت
نووسەر: دکتۆر عەبدوڵلا غەفور
پەخشان: نووسەر
چاپخانەی ئاپێک - ستۆکهۆلم
بروار: نوڤێمبەری ١٩٩٥
تیراژ: ٥٠٠

لە چاپدانەوە و کۆپی کردن و نووسینەوەو وەرگێڕانی
بەبێ ڕەزامەندی نووسەر قەدەغەیە

ISBN: 91-630-3971-0

# پێشەکی

بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بە فەرمانی ناپەسەندی منیان لە گەلاڵەوە گواستەوە بارزان. من لەوێ وەکوو مامۆستای بابەتی جوگرافیا، مێژوو، پەروەردە دەستم بە کار کرد. لەهەمان کاتیشدا ئیدارەی قوتابخانەکەم بەڕێوە ئەبرد.

قوتابخانەی ناوەندیی بارزان بۆ من سێیەمین قوتابخانە بوو کە مامۆستاییم تێدا کردبن. سەرەتا، لە ساڵی ١٩٦٨ هەتا شوباتی ١٩٧١ یەکەمین مامۆستا و یەکەمین بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی دیانا بووم. لە پاشان بە فەرمانی ناپەسەند گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی گەلاڵە و لەوێیش لە شوباتی ١٩٧١ ەوە تاکوو کانوونی دووەمی ئەو ساڵە، هەر ئەو بابەتانەی پێشووم ئەوتەوە. دواییش لە ئۆکتۆبەری ١٩٧١ هەتا حوزێرانی ١٩٧٣نێردرامە قوتابخانەی ناوەندی بارزان .

ژیانی مامۆستاییتیم لە قوتابخانەی ناوەندی بارزان بیست مانگ بوو، ژیانی ڕۆژانە لە بارزاندا ئاسان نەبوو، بەڵام بوارێکی زۆر بە نرخ بوو بۆ لێکۆڵینەوە، منیش ئەم دەرفەتەم لەدەست نەدا .

پێش ئەوەی بکەومە ناو بارزانیان، هەندێ شتم لەسەریان خوێندبۆوە. دەشمزانی ئەمانە بەدرێژایی ئەم سەدەیە لە پێناوی وەدی هێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا چەندان جار راپەڕیون و بە ناچاری پەنایان بۆ چەک بردووە. سەر دەمێک بەڕابەرایەتیی شێخ عەبدلسەلامی دووەم و سەردەمێکی تری لەژێر فەرماندەی شێخ ئەحمەد دا. لەدواییشدا بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی پەنجا ساڵەی کورد مستەفا بارزانی نەمر. هەر جارێکیش بە سەدان شەهیدیان داوە و دوور خراونەتەوە و کەوتوونەتە هەندەران و ماڵیان جارو دووجار وێران کراوە و سوتێنراوە، ئەوەی بەسەر ئەواندا هاتووە، مەگەر بەسەر بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا هاتبێت. ئەمانە هەموویان هاندەری زۆر بە تەوژم بوون بۆ تۆمارکردنی ئەو شتانەی دەمدیتن و دەمبیستن. یاخود لە پرس و وەڵامدا بۆم ڕوون دەبوونەوە. بە هیوای بڵاوکردنەوەم لە کاتی خۆیدا، بۆ مەبەستی باشتر تێگەیشتن و زانین لە خەباتی حەفتا ساڵەی ئەو بنەماڵە ناودارەی کوردستان.

دەنگوباسی ئەو هیمەتەی من لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بارزان و بارزانیان، هەر زوو بەزوو گەیشتبووە ماڵە شێخەکان. ئەوە بوو ڕۆژێکیان وا بزانم عەبدلوهەیمەن بوو وتی « بیستوومانە لەسەرمان دەنووسی ! دەبێنە بزانم چیت نووسیوە » منیش دەفتەرەکەم دایە دەستی و ئەویش لاپەڕەکانی یەک یەک هەڵدایەوە و بە خێرایی دەیخوێندنەوە، لەدواییدا بێ قسە دەفتەرەکەی دامەوە و ڕۆیشت. دوای



ئەوەی من زیاتر سەربەست بووم لە پرسیار کردن و کۆکردنەوەی زانست، ئەوانیش ئەلحەق درێغییان لە وەڵامدانەوەی زۆربەی پرسارەکانم نەدەکرد.

ئەم کتێبە پڕە لە ناوی فلان و فیسار، ناوەکانیش بە ئاشکرا نووسراون، هەر یەکەشم چۆن هاتبێتە بەرچاو، یان چۆنیان باس کردبێ، ئاواو بە بێ پێچ و پەنانووسیومن. ئەمە پەیوەندیی بە هەڵوێستی منەوە نییە بەرانبەر بە ئەم و ئەو، بەڵکوو پەیوەندیی بە ڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە خۆیەوە هەیە لە کۆمەڵگەی بارزاندا. جا بۆیە هەڵوێستی نابەجێ و سەرپێیی بەرانبەر من، یان کتێبەکەم، ڕەنگە لە شوێنی خۆیدا نەبن. بۆیە لەبەر ئەوە داوا لە خوێندەواران دەکەم کتێبەکە بخوێننەوە و دوور لە پەلار و قسە و قسەلۆکی سوک و پێ هەڵگووتن. من بۆ مێژووم نووسیوە، هەر مێژووشە بڕیاری چاکە و خراپەی خۆی لەسەر هەر کەسێک ئەدات.

دوور نییە لە لێکدانەوەی هەندێ ڕووداو کەم و کورتی تێ کەوتبێ و هەندێ لە ناوەکان، یان بەروارەکان بە شێوەیەکی تر بێت. ئەگەر شتی وا هەبوو، ئەوە بە ئانقەست نەبووە، بەڵکوو لە نەزانین یان لە گێڕانەوەیدا وا بووە.

ئەم کتێبە دەقی ئەو دەستنووسەیە کە ٢٢ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، دیارە لەو ماوەیەدا زۆر گۆرانکاری بەسەر شێوەی

نووسین، بیرکردنەوە، لێکدانەوە، بۆچوون لە ژیانی زانستی من دا روویی داوە، بۆیە گەر سەرلەنوێ بمنووسیبایەوە گومان نەبوو، باشتر دەبوو، بەڵام ئەمەم بە باش نەزانی لەم کارەمدا. ئەوەی لێرەدا کراوە تەنیا دەسکاری زمان و پێشەکییەکەیەتی، دواییش بەبێ لادان و هاویشتنەسەر ، بگرە تاقە دێرێکیش وەکو خۆی نووسراوەتەوە بۆ پشتگیریش وا دەستنووسەکەش وەکوو پاشکۆیەکی بڵاودەکەمەوە، ئەوەی جێگەی داخە، لەناوچوونی دووسێ لاپەرەیە، وابزانم ئەمانیشم ماون، بەڵام ئێستا دەستم نایانگاتێ.

**دکتۆر عەبدڵڵا غەفور**

**١٩٩٥/١٠/٣١**

نینسهامن ـ سوید



# ڕوونکردنەوەیەک

**خوێنەری بەڕێز**

دەستنووسی ئەم پەرتووکە (بارزانم چۆن دیت) لە ساڵی ١٩٧٣ نووسراوە، لەو کاتەوە تاکوو ساڵی ١٩٩٤ بە دەستنووسی لای خۆم هەڵمگرتبوو، هیچ کەسێکیشم لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئاگادار نەکردبوو، بەڵام باسی ئەو دەستنووسەم تەنیا لای یەک برادەر کردبوو، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو کارەبێ.

لە دواییدا ویستم دەستێ بە دەستنووسەکەدا بهێنم و زمانی نووسینەکەی ڕێکوپێکتر بکەم. ئەوە بوو لە ٢٥ی یونیە ١٩٩٤دا دەستنووسەکەم لە مۆسکۆوە هێنا بۆ سوێد. داوام لە مامخانی شێروانی کرد لە رووی زمانەوە یارمەتیم بدا. دوای دەورووبەری دوو مانگ دەستنووسێکی بۆ هێنام لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو (بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژووییە لەسەر بارزان... مامخانی شێروانی) پاش ئەوەی دەستنووسەکەم خوێندەوە بە تەواوی بۆم دەرکەوت، دوای ئەوەی هەندێ دەسکاری کردووە و هەندێ پاش و پێشی خستووە و جێگۆڕکێی بە ڕستە کردووە، هەموو بابەتەکەی منی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی هەندێ زانیاری دیکەی بۆ زیاد کردووە.

سەیر ئەوەیە ئەو "برادەرە"، ناوی منی نە لە پێشەکییەکەیدا و نە لە سەرچاوەکاندا بە هیچ شێوەیەک باس نەکردووە.

ڕۆژێ لەگەڵ مامخاندا دانیشتین و باسی ئەو دەستنووسەمان کرد کە بۆ منی هێنابوو، پێمگووت: ئەو داواکارییەی من تەنیا خۆی لە سنووری چاککردنی زمانەکەدا دەبینێ، بەڵام تۆ لەو سنوورەت تێپەڕاندووە. ئەو هەموو دەستکاری و شتانەی زیادت کردوون، لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونی مندا ناگونجێ، بۆیە پێویستە سەرلەنوێ وەکوو خۆی چۆن هەیە بنووسرێتەوە، بەڵام مامخان لەسەر بیروڕای خۆی سوور بوو. پێشی ڕاگەیاندم کە خۆی خاوەنی ڕەسەنی دەستنووسی (بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان)ە، دەستنووسەکەی منیش تەنیا وەکوو سەرچاوەیەک بەکارهێناوە، پاشان هەردووکمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئەو دەستنووسەی مامخان پاکنووسی کردووە، لە نێوی بەرین. بێگومان بە هەردووکمان سوتاندمان. ئیدی من پێم وابوو ئەو گیروگرفتە لە نێوانماندا کۆتایی پێهات، بەڵام مامخان دەستنووسە سەرەکییەکەی داگیر کرد و بۆی نەگەڕاندمەوە، پاشان لە ڕێگەی هەندێ برادەرەوە زۆر هەوڵم دا تا دەستنوودەکەم دەسکەوتەوە. ڕۆژێکیش دەبێ خوێندەوارانی کورد ئاگادار بکەمەوە کە ئەو دەستنووسەم بە چ شەڕە شەقێ دەسکەوتەوە.

لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەری ١٩٩٥دا، ئێوارەیە لە نینسهامن پێکەوە دانیشتبووین، پێیراگەیاندم کە پەرتووکەکەی (بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان) لە کوردستان چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە. لە سوێدیش بەو زوانە چاپی



دەکەنەوە. دووریش نییە بۆ سەر چەند زمانێکی دیکەی وەرنەگێرن. کە ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندم، وەک لە بانێ بەرمدەنەوە. لێم پرسی بۆچی ئەو کارەت کردووە؟ گوتی: "لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی میللەتەکەمە تا خەڵکی بزانن ئەم بنەماڵە خێڵەکییە کێن".

پاشان هەوڵم دا پەرتووکەکەم چنگ بکەوێ، هەرچەندم کرد نەیاندەهێشت دەستم بکەوێ و پێشییان نەدەفرۆشتم، تا لە ڕۆژی چوارشەمەی ١٩٩٥/١٠/١٩ دانەیەکەم لە لایەکەوە دەسکەوت.

لەم ڕوونکردنەوە کورتەدا، ناتوانم "بەرهەمەکەی" مامخان لەگەڵ بەرهەمەکەی خۆمدا بەراوورد بکەم، تەنیا ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکەم، کە لە دستنووسەکەی منی وەرگرتووە، خوێنەری هێژاش ئەگەر بە پێویستی زانی خۆی دەتوانێ بەو کارە هەستێ، تا بزانێ چەند لاپەڕەی لە دەستنووسەکەی من وەرگرتووە بەبێ ئەوەی دەستی بۆ ڕابکێشێ. کاتێکیش هەردوو پەرتووکەکە دەخوێننەوە و بەراوردیان دەکەن، بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە پەرتووکی (بارزان و ڕەچەلەکی بارزانیان) پەرتووکێکی ڕەسەن نییە و بەڵکو لەبەر پەرتووکی (بارزانم چۆن دیت) و هەندێ سەرچاوەی دیکە وێنەی لێ شۆراوەتەوە. مامخانیش لە ........ زیاتر هیچی دیکەی بۆ نەماوەتەوە.

- لاپەرە ١٢:
لە دێری ٤ هەتا ٩ لە دەستنووسەکە هەڵێنجدراوە
لە دێری ١٠ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە.

- لاپەرە ١٣:
لە دێری ١ هەتا ١٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە.
لە دێری ١٧ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٦:
لە دێری ٢ هەتا کۆتایی، لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٧:
لە دێری ٥ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەگیراوە

- لاپەرە ١٨:
دێری ١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٦ هەتا ١٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٥ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٩:
دێری ١ هەتا ١٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٣ (تەنیا وشەی نۆکەر نەبی) هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٢٠:
دێری ١ هەتا ٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٧ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە



- لاپەرە ٢٢:
دێری ١٣ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٢٣:
دێری ١ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
- لاپەرە ٢٤:
دێری ١٥ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٢٥:
دێری ١ هەتا ٥ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- ٢٧ لەپەرە:
دێری ١٦ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٢٨:
دێری ٥ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٢٩:
دێری ١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٦ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٠:
دیمەنەکە لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣١:
دێری ١ هەتا ٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٢ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٢:
دێری ١ هەتا ١١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٣ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٣:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٤:
دێری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٨ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە ( جگە لە وشەی گەلالە نەبێت کە لە ئەسلەکەدا موسڵە)

- لاپەرە ٣٥:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (جگە لە ژمارە ١٩٧٣)

- لاپەرە ٣٦:
دێری ١ هەتا ١٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٥ هەتا ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٧:
دێری ٣ هەتا ٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیمەنەکە لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٣٨:
دێری ١ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە



- لاپەرە ٣٩:
دێری ١ هەتا ٧ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٣ هەتا ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (وشەی بە زۆری دوایی خەڵکەکە درۆیە و زیادکراوە)

- لاپەرە ٤٠:
دێری ١٩ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٤١:
دێری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- دێری ٤٢:
دێری ١٠ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٤٥:
دێری ٣ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٤٦:
دێری ٥ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٤٧:
دێری ١ هەتا ١٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٤٩:
دێری ٦ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥١:
دێری ١ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (ساڵەکە ١٩٧٢ نەوەکو ١٩٧٣)

- لاپەرە ٥٢:
دێری ١٥ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٣:
دێری ١ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٤:
دێری ٩ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٥:
دێری ٧ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٦:
دێری ١٨ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٧:
دێری ١ هەتا ٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٨:
دێری ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٥٩:
دێری ١ هەتا ٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە



دێری ١٦ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٦٢:
دێری ١٨ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٦٣:
دێری ١ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٦٥:
وێنەکە لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٦٦:
وێنەکە لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لەپەرە ٧٠:
دێری ١٦ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧١:
دێری ١ هەتا ١٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٢:
دێری ١ هەتا ١٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٣:
وێنەکە لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٤:
دیری ١٤ هەتا ١٥ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٥:
دیری ٦ هەتا ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ١٩ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٦:
دیری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٧:
دیری ١ هەتا ٧ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ٧٨:
دیری ٦ هەتا ١١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١١٣:
دیری ١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ١٩ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١١٤:
دیری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ٦ هەتا ١٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ١٧ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١١٥:
دیری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە



- لاپەرە ١١٦:
دیری ١ هەتا ١٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
- لاپەرە ١١٧:
دیری ١٩ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١١٨:
دیری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ١٧ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١١٩:
دیری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٠:
دیری ١ هەتا ٥ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢١:
دیری ١ هەتا ٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دیری ٦ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (ژمارەکە ٩٠٠ نەوەکو ١٠٠٠)
دیری ١٩ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٢:
دیری ١ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (ژمارەکان زۆربەیان زیاد کراون).

- لاپەرە ١٢٣:
دیری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٤:
دێری ١ هەتا ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٥:
دێری ١٤ هەتا ١٧ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٢١ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٦:
دێری ١٦ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٧:
دێری ١ هەتا ٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٢٩:
دێری ١ هەتا ١٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٢١ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣٠:
دێری ١ هەتا ٢٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣١:
دێری ١ هەتا ١٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣٢:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە



- لاپەرە ١٣٣:
دێری ١ هەتا ٣ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٧ هەتا ٢٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣٤:
دێری ٥ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣٥
دێری ١ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (ژمارەی ڕۆژەکە گۆڕدراوە)

- لاپەرە ١٣٦:
دێری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٩ هەتا ١٨ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٣٧:
دێری ١٤ هەتا لاپەرەی ١٤٢ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٣:
دێری ١٢ هەتا ١٦ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٤:
دێری ١ هەتا ٤ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە
دێری ٨ هەتا ١٠ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٦:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٧:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٨:
دێری ١ هەتا ٢١ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٤٩:
دێری ١ هەتا ٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٥١:
دێری ٧ هەتا ١٩ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە

- لاپەرە ١٥٢ هەتا لاپەرە ١٦٧ لە دەستنووسەکە وەرگیراوە (جگە لە وێنەی لاپەرە ١٦٢)

**تێبینی:**
**لە لاپەرەی ٨٠ تا ١١٢ لە مەسعود بارزانییەوە (البارزاني والحركة التحررية الكردية ٣ جزء) وەرگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوودی لە پەرتووکەکەی فازیل بەڕاک وەرگرتووە ( مصطفى البارزاني الاسطوره والحقيقة) بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێ.**



# ڕەچەڵەکی بنەماڵەی بارزان

دەگێڕنەوە لە کاتی خۆی حاکمی ئامێدی دوو کوڕی دەبێت، پێش مردنی وەسییەت دەکات بۆ یەکێ لە کوڕەکانی کە لەپاش مردنی خۆی ببێتە حاکم ، بەڵام وا دیارە برایەکەی دیی ئەو حەقەی لێ دەسێنێ و ئەویش لە خەفەتا و لەدەستی براکەی، سەری خۆی هەڵ دەگرێ و بار دەکا و بەرەو نامۆیی دەڕوا تا دەگاتە زێی بادینان و لەوێ بە کەڵەک دەپەڕێتەوە، لە ناو ئاوەکەدا کەڵەکەکەی وەردەگەڕێ و ئاو دەیبا و پلی دەدا تا دەیخاتە تەنکایی و هەوڵ دەدا تا دەگاتە وشکایی و لە ئەشکەوتێک دەگیرسێتەوە و یەک دوو ڕۆژان لە ئەشکەوتەکە دەمێنێتەوە. دوایی لە ئاوەکە دەپەڕێتەوە ئەوبەر و لەو ناوە تووشی گاوانێک دەبێت و ئێوارە لەگەڵیدا دەچێتەوە گوندی ( هەڤنکا ) و لەوێ دەچێتە مزگەوت و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، خەریک دەبێت بە خواپەرستی نوێژ و تاعەت و خەڵکیش ڕێزی زۆر لی دەگرن و دەیکەنە پێشنوێژکەر و ئاوساش وایلێ دێت کە زیاتر بەقەدر دەبێت و دوایش دەیکەنە مەلای گوند و ناوی بە چاکە لە هەموو لایەکەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەو گوندەی مەلا وا دیارە یەک لەو گوندانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی برایەکەیدا دەبێ لە ئامێدی و هەموو ساڵێکیش پیاوانی حاکم ، واتا براکەی دێنە گوند بۆ سەندنی ساڵانە لە خەڵک. یەک لەو پیاوانە لە کاتی نوێژکردندا لە مزگەوت مەلا دەناستەوە و پێی دەڵێت مەلا تۆ برای حاکمی ئامێدیت. هەواڵەکە دەگاتەوە حاکمی ئامێدی و هەموو شتێک ئاشکرا

دەبێت. مەلا داوا لە براکەی خۆی، واتا حاکم دەکات کەوا لە خەڵکی گوندەکانی دەوروپشتی مەلا ساڵانە نەسێنێ، حاکمیش بە قسەی دەکات. مەلا بەمە زیاتر ناوبانگ دەردەکات و خەڵکێکی زۆرتر لەدەوروبەری کۆ دەبنەوە. لە پاش ماوەیەک مەلا لەوێوە دەچێتە ( ئاستی )و ئیتر لەوێ دەمێنێ و بنەماڵەی بارزانیان لەو مەلا محەمەدەوە دەکەونەوە.

## بنەڕەتی عەشیرەتی بارزان

**عەشیرەتی بارزان لەم چوار تیرە پێکهاتووە**

**یەکەم: بەرۆژ**

ئەم تیرەیە لە گوندی بارزان دەژین، کە کەوتۆتە نێوان چیای شیرین لە باکوور و زێی بادینان (بلە) لە باشوور. لە گوندکانیان:
هۆستان، بازێ، باڵندە، بلەی ژووری و ژێری.

**دووەم: مزووری باڵا**

ئەم تیرەیە لە شەش تایفە پێکهاتوون:
ئا- تایفەی سەرمەزنا، لە گوندەکانیان: ڕێزان، زرارا، کانیا دێری، هیتر.
ب- تایفەی ماملا. لە گوندەکانیان: ئیشکۆکو، بانێ، ستێ،



بن بیا، سەرگەلی، کوڕکێ، کیران، کیراناگیر، گۆڕەتو و هیتر.
پ- تایفەی مامژدا. لە گوندەکانیان: بانێ، ژاژۆک، سپیندار، شێخ سەیدا، ماڵەسوار و هیتر.
ت- تایفەی مام دلا. لە گوندەکانیان: بابکێ، بەردەری، حەمولا، خیرۆزک، ڤاژی، کانی لینجا، کلکێ، مامیک.
ج- تایفەی شێروانی دیرا. لە گوندەکانیان: بەردەریا، بیێ، بێخشاش، ڕاودشە، سەردەریا، شێروان، کانی بۆت، کرکەمو و هیتر.

**سێیەم: شێروانی**

لە گوندەکانیان: بیرەبیر، بیرسیان، بیستری، دۆرێ، مێرگەسۆر.

**چوارەم: دۆڵەمەڕی**

لە گوندەکانیان: خەلان، لیلۆک، هیزان و هیتر.

لە پاشاندا ئەم تیرانە بوون بە یەک لە گوندەی (بارزان)ەوە نازناوی (بارزانی)یان وەرگرت و شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ئەم پارچە شیعرەی لە سەر ئەوە نووسیوە:

**خالیدیمە ب تەریقەت**
**زێباریمە ب عەشیرەت**
**بارزانیمە ب مەسکەن قەریەت**

پلەی کۆمەڵایەتی لەناو عەشیرەتی بارزان بەم شێوەیە.

١- شێخەکانی بارزان: بەو کەسانە دەگوترێ کە لە مەلا محەمەدی باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیەوە کەوتونەتەوە و ژمارەی پیاوەکانیان تا ئەو دواییەش لە ٦٠ کەس تێنەپەڕیبوو. ئەو بنەماڵەیە لەناو خۆیاندا ژن دەهێنن، بۆیان هەیە ژن لە لایانی دی بێنن. ئەوەندەی من بزانم ژنەکەی عەلی محەمەد سدیق لە بنەماڵەی شێخەکان نەبوو و بە قەراری قەتحی ڕێگا بە کچەکانیان نادەن مێرد بە بێگانە بکا. لەو ڕووەوە هیچ جیاوازییان نییە لەگەڵ ئاعەکانی دزەیی و میرانی خۆشناوەتی. شێخەکانی بارزان ئەوا نزیکەی ١٥٠ساڵە حوکمی ناوچەی بارزان دەکەن جا ئیتر لە ڕووی ئایینەوە بێ یا دنیایی. پەیوەندییان لەگەڵ میللەتەکەیاندا لەسەردەمی عەبدولسەلامی یەکەمەوە و شێخ محەمەد و عەبدولسەلامی دووەم و تا ڕادەیەکیش سەردەمی شێخ ئەحمەد، لەسەر بناغەیەکی ئایینی بووە. ئەو شێخانە چاویان لە ماڵی دنیا نەبووە و دوارۆژ و ڕۆژی قیامەتیان زیاتر لەبەر چاو بووە. دەگێڕنەوە دەڵێن شێخ ئەحمەد پارەی لێک جیا نەکردۆتەوە، میللەتەکەش بەچاوێکی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە ئەو شێخانە، ئەوەی بۆیان بکردانایە بە سوغرەیان لەقەڵەم نەدەدا. لە پاش مردنی شێخ ئەحمەد گۆڕانێکی زۆر لە نێوان میللەت و شێخاندا ڕووی دا، خەڵک وای هەست دەکرد و دەیاندیت کە وا ئەو بنەماڵەیە زیاتر بە ماڵی دنیاوە خەریکن و



هەموو شتێکی باشیان بۆ خۆیان پێ قابیلە و لە زەوی و زار و مەڕ و ماڵات و ... تا وای لێهات خەڵک بە ئاشکرا و تەواوی بێزاری خۆیان دەردەبڕی دەیانگوت: « لەبەر ئەو ماڵە شێخانە چ بۆ ئەو میللەتە ناکرێ » ئەو پارچە شیعرەی ئەنوەر مایيان دەگووتەوە:

| | |
|---|---|
| **ژ دەولەت سەر شێخ و مەلا** | **ژینا کوردا بوویە بەڵا** |
| **هندی تە مێژوو خاندییە** | **چاکی ژ وا دیت گەلا؟!** |
| **هەردەم بەرێ کوردا ددەن** | **زاری و دیلی و تەشقەلا** |
| **ئاغا و شێخ سۆفی و مەلا** | **کێشا ناڤ کوردا خەلا** |
| **ڤێ شێخ و ئاغا و مەلا** | **گۆشتێ وە کریە مەنجەلا** |
| **کرمانجینە ما بەس خودێ** | **هوین دان بۆ کورتان و جلا** |
| **ڕێبەر ژ ڕکێت وە بوو قەچاخ** | **هادێ خۆ ئاڤێت ناڤ بەلا** |

**٢- خولامەکانی شێخان:** شێخەکان، بە تایبەتی ئەوانەی حوکم دەکەن، گەورە و گچکەیان لە پیاو و ژن هەر یەکە خولامێکی هەیە ژیانیان لەگەڵ ژیانی گەورەکانیانە. یەک بست چییە لێیان دوور ناکەونەوە، نە بەڕۆژ و نە بە شەو، ئەوەیش پێیان بگوترێ یەکسەر جێ بە جێی دەکەن، لە هیچ شتێک ناپەنگێنەوە. ئەو خولامانە لە چاو خەڵکەکە زۆر پۆشتەتر و ڕێک و پێک ترن، چونکە ئاغا چۆن بێت، غولامەکەیشی دەبێ ئاوا بێ. هەردەم چەکیشیان پێیە لە دەمانچەوە تا کلاشینکۆف و نارنجۆک و وەکوو بت بەرانبەر شێخەکانیان ڕادەوەستن و قسە بێ لەزاریان نایەتە دەرێ، مەگەر شێخ پرسیاریان لێ بکە، ئەوانیش بە ئەز خولام وەڵامی دەدەنەوە.

ئەو خولامانە ئامادەن بۆ هەر فەرمانێک، ئەگەر چی خۆیان لە میللەتن. لەبەر شێخەکانیان خەڵک لێیان دەپەنگێتەوە و تا ڕادەیەکیش بە ناچاری ڕێزیان لێ دەگرن.

**٣- میللەت:** ئەوانە زۆربەی هەرە زۆری بارزانییەکانن. لەناو دزەییاندا بە کرمانج ناو دەبرێن، سەرەڕای ئیش و کاری ڕۆژانەیان هەموو کاتێک، لەکاتی پێویسدا ئامادەی چەک هەڵگرتنن. ئەمانە لەقسەی شێخەکانیان دەرناچن و بێ پرسی ئەوان شتێک ناکەن. ئەگەر یەکێکیان بیەوێ ببێتە موچەخۆری حکوومەت ئەوا دەبێ شێخەکانیان قایل بن، ئەگینا ناتوانن ئەو کارە بکەن.

**٤- موختار:** هەر گوندێک موختاری خۆی هەیە و لە لایەن شێخی بارزانەوە دادەنرێ، کاری ئەو کابرایە ڕاگەیاندنی قسەکانی شێخە بە خەڵکی ئاوایی، موختاریش هەتاکوو سەر بۆ کەس نییە و شێخی بارزان بۆی هەیە ئەگەر بە دڵی نەبێ یان خەڵک لێی ڕازی نەبن بیگۆڕێ. موختار هیچ مافێکی ڕەسمیی بەسەر میللەتەوە نییە ، بەڵام جاروبار سوخرەیی بە خەڵک دەکات ، وەکوو دارهێنان، دروێنە، لە کاتی شەڕیشدا بۆی هەیە ببێتە سەرلەشکر.

**٥- گزیر:** لە پاش موختار دێت، هەڵسوڕانی کاروباری خەڵک و زانینی قسەکانی موختار لە ڕێی ئەوەوەیە. ئەو بانگەواز دەکا کە وا سبەینێ ڕۆژی دار قەزوان هەڵوەرینە، یان چوونە



مازوو چنینە، یان خرکردنەوەی گونێ کنگرانە ( سیسی )، بۆ زبارەی ماڵە شێخان ، بە دارهێنان و کاری تر لە ڕێگەی گزیرەوەیە و بە میللەت دەگاتەوە.

**٦- شانە:** ئەو پیاوەیە کە هەڵدەسێ بە کۆکردنەوەی بەرهەمی ساڵانە لە گوندەکان و عەمباری لێ پڕ دەکا. شانە دەبێ ڕاست بێ و دزی نەکا و کەمێکیش حیسابات بزانێ.

## سنووری بارزان

بارزان دەکەوێتە نێوان ڕووباری بادینان لەلای باشوورەوە و ڕووباری ڕەواندووز لە لای ڕۆژهەڵاتەوە و ڕووکچووک لە ڕۆژاوا. بە شێوەیەکی دی بارزانیەکان دەکەونە نێوان عەشیرەتی سوورچییەوە لە ڕۆژهەڵات و عەشیرەتەکانی ناوچەی ئاکرێ لە ڕۆژئاوا و عەشیرەتی زێبار لە باشوور. ئەم سنوورە دەبێ زیاد و کەمی هەبێ بە پێی بار و هێز. بۆ نموونە بارزانییەکان لە هەموو کاتێکدا سنووری ڕۆژهەڵاتیان دەگەیەننە چیایەکانی - قەلەندەر - نزیکی گوندی دیلزیانی باکووری ڕۆژاوای دیانە، لەوێشەوە درێژ دەکەنەوە تاکوو پردی خەلان نزیکی گوندی خەلانی سەر ڕووباری ڕەوەاندووز، بەڵام لەکاتی کزییان، ئەو سنوورەیان لە « شیوە دزێ » تێپەڕ نابێ.

خاکی بارزان ئەمڕۆ هەمووی یەک قەزایە بەناوی قەزای زێبار و مەرکەزەکەی مێرگەسوورە. پانایی ئەو قەزایە لە ساڵی ١٩٧٦ی زایندا ١٤٠٨ کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو. ئەویش

دابەش کراوەتە سەر سێ ناحیە: مێرگەسوور ٤٧٧ کیلۆ مەتر چوارگۆشەیە، بارزان ٣٠٨ کم مزووری باڵا ٦٢٤ کمچوارگۆشە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای زێبار لە ساڵی ١٩٦٥ی زایینیدا ٢٠١٨٨ کەس بوو، لەوانە ٥٨٦٥ کەس لە ناحیەی مێرگەسوور بوون و ٤٠٩٧ لە بارزان و ١٠٢٢٦ لە مزووری باڵا بوون. ژمارەی گوندەکانی قەزای زێبار ١٥٧ گوندە و ٦٥ گوندیان لە ناحییەی مێرگەسوورە و ٢٥ گوندیان لە بارزان و ٦٧ گوندیان لە مزوری باڵا.

## ئاوایی بارزان

ئاوایی بارزان دەکەوێتە بەرزاییەکی نزیک چیای شیرین، لە باکووری زێی بادینان و لە چەند گەڕەکێک پێک دێت:

١- خانووە بەردەکان: ئەوانە چەند خانوویەکن لەبەرد درووست کراون. لەکاتی خۆیدا حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆ بنەماڵەی بارزانی درووست کرد لە دوای گەڕانەوەیان لە ڕووسیا و خوارووی عێراق. دانیشتوانی ئەو خانووانە، ماڵە شێخەکانن. خانووەکان بە ڕێک و پێکی و لەسەر شێوەی ئەوروپی درووست کراون. لەو گەڕەکەدا بینایەتی قوتابخانە و خانووی مدیر ناحیە و ئیدارەی ناحیە و مستەوسەف و بینایەتی کشتوکاڵ و قوتابخانەی کچان و چەند دوکانێکی لە قوڕ و بەردی تاشراو هەیە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەو گەڕەکەدا دەوروبەری پێنج خانووی قوڕ هەیە کە هی میللەتن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵک مافی ئەوەی نییە خانوو لەو گەڕەکە درووست بکات.



## خانووە قوڕەکان

ئەو خانووانە هەموو لە بەرد و قوڕ و خشت درووست کراون دانیشتوانیان بەرزانی ئەسڵن. سەربانەکانیان بە داربەڕوو ئەسپیندار گیراوە. کۆڵانەکانیان زۆر تەنگ و خواروخێچن، لە ناو دێیەکە زەویی بەتاڵ نییە. سەربانی هەندێ ماڵ حەوشەی ماڵی سەرەوەیە و ڕێگەی هات و چۆیە. مرۆڤ دەتوانێ ئەو خانووانە بکاتە دوو بەشەوە یا دوو گەڕەکەوە. کۆڵانی پشت مزگەوت ئەو خانووانە لێک دادەبڕێ. بڕکەماڵی سەرەوە پێیان دەگوترێ مالانی سەرەوە، هی خوارووش پێیان دەگوترێ گوڤایی. چوار پێنج خانووی قوڕ هەیە لە هەورازی کەرتڕێن. ئەو خانووانە چەند سەد مەترێک لەلای ماڵی شێخ ئەحمەدەوەن. دانیشتوانیان نە خەڵکی بارزانن بە ئەسڵ و نە بارزانیشن. ڕەنگە زێباری بن و لە کاتی خۆی پەنایان هێناوەتە بەر خودان. لە بەر ئەوەی سەربەخۆ بن و تێکەڵاوی بارزانیانیش نەبن، بڕیار دراوە ڕێگە بدرێن و خانوو لەو شوێنە درووست بکەن. بە بڕوای بارزانییەکان ئەوانە زێبارین و هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە. لە سەرەتای حەفتاکاندا مەخفەرێکی گەورەی موحکەمی پۆلیس



له تەنیشت ئەو خانووانە درووست کرا. بڕیار بوو قوتابخانەی ناوەندی کوڕانیشی لێ درووست بکرێ. بینایەکە تا ناوقەد درووست کرا، بەڵام ئەوە بوو لە دواییدا لەگەڵ بارزاندا تەخت کر. شەوان خەڵک لەبەر فانۆس دادەنیشتن. ئەگەر چی ئەستووندەی کارەبا لە بەرزاندا چەقێندرا بوو، مەکینەی کارەبا لە - بلە - هەبوو بەڵام کاری نەدەکرد. حکوومەت لە مێژ بوو خەڵکی بە تەما کردبوو کە کارەبایان بۆ ببات، بەڵام ئەنجامی نەبوو، تەنها ئەوە بوو کە حکوومەت مەکینەیەکی کۆنی پەککەوتووی بێ کەڵکی لە خانەقینەوە هێنابوو بارزان، گوایە کارەبا دەگەیەنێتە بارزان. زۆر لە گەڵیدا خەریک بوون و مەکینە ئێستاش دەنگی لێوە نەهات. لە دوایدا لەو ناوە فڕێیان دابوو، خەڵکیش بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانگووت ئەو مەکینەیە حکوومەت داوێتییە شێخ عوسمان.



## بازاڕی بارزان

دوکانەکانی بارزان زۆربەی هەرە زۆری پێویستییەکانی رۆژانەی لێ بە دەست دەکەوێت، لە شەکر و چا و رۆن و برنج و هەندێ جار گۆشت ، پێڵاو، قوماش، ئامرازی کشتوکاڵ و هەتا وردە پێویستییەکانی ناوماڵ. ئەو شتومەکانە لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە دەهێنرانە بارزان، بەتایبەتش لە هەولێرە و موسڵەوە. بەرهەمی ناوچەکە لە تووتن و بەرهەمی کشتوکاڵ، پێستەی حەیوانی ماڵی و کێوی، هەنگوین، قەزوان، سسیسی کە دوکاندارەکان لە خەڵکی دەکڕن و باری دەکەن بۆ هەولێر و موسڵ، بەڵام زۆربەی ئەو شتومەکانە لە بازاڕی موسڵدا دەفرۆشرێت، چونکە قازانجی زۆرترە. بازاڕی بارزان دەکەوێتە پشتی قوتابخانەکەیەوە و بریتییە لە ١٣ دوکان و هەموویان و هەمووشیان لە ڕیزی یەکن. شەقامێکی دەورووبەری ٣٠٠ مەتری درێژ بە پێشیاندا کێشراوە. سیان لەو دوکانانە بە بەرد و قوڕ درووست کراوە، ئەوانی دیکە بە بەرد و چیمەنتۆن و هی شارەوانین. سەرەڕای ئەوانەش لەناو ئاواییشدا ١١ دوکان هەیە و هەریەک لەوانەش کڕیاری خۆیان هەیە و خەڵکی گوندەکان هەریەکەو ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ یەک لەو دوکانانە هەیە و ئیدی ناچنە لای ئەوانی تر بۆ شت کڕین. گوندییەکان بەرهەمیخۆیانیان پێ دەفرۆشن و پێویستییەکانی رۆژانەی خۆیانیان لێ دەکڕن.

کێشی ناوچەی بارزان بریتین لە کیلۆ، پاکەت کە ڕەنگە سەنگیان نزیکەی ٢٥٠ گرامێکدا بێت و لە بۆ تۆچا بەکار

دەهێنرێت. کراس کە سەنگەکەی ١٧٥٠ گرامە و بۆ تووتن و شتی تر بەکار دەهێنرێت. خوفسە، ئەمەش تەنەکەیەکە دانەوێڵەی پێ دەپێورێ بە سەرو یەک دوو مست زیاد. فتر لە ناوچەی مزووری باڵا باوە و قورساییەکەی دوو کیلۆ و نیوە.
دوکاندارەکان ماوە ماوە دەچنە هەولێر و جاروبار موسڵیش، بۆ ئەوەی ئەوەی هەیانە لەوێ بیفرۆشن و لەوێیشەوە لۆرییەکی پڕ شتومەک دەکڕن و بە ٣٠ دینار لە هەولێرەوە بۆ بارزان لەگەڵ خۆیاندا دەیهێننەوە و ئەوکاتە ئەوە پێی دەڵێن « کاروان ».: ئەوجا هەیە مانگی کاروانێک دەکا و هەشە دوو کاروان، ئیتر بە پێی ژمارەی کڕیارەکانیان. بازاڕی « مەل » یان ئەمڕۆ لە هەموو بازاڕەکان دی گەرمترە هەتا ئەوانەی دی کاروانێک بکەن، ئەو دوو کاروان دەکا. ئەوەندەش ڕەزیل و قرچۆک و زمان لووسە، لە هەموو بارزاندا هاوتای نییە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک وەک مێشهەنگ کەپکەی لەسەر دەکەن، وەکوو دەڵێن بەخت هات ئەملاو ئەولا نازانێ.

## باخچەکانی بارزان

باخچەیەکی زۆر هەیە لە خوارەوەی ئاواییدا، داری بەرداری لێ چێنراوە، وەکوو هەنار، مێو، هەنجیر، خۆخ، هەڵووژە، زەردەلوو، هتد.... هەنارەکەیان لە هەمووان زیاترە و ئاودارن، ئیتر چ هەناری بن پەلکان بن یان سەرکەل. لە ناو دارەکاندا سەوزەی هاوینی و زستانە هەن، وەک تەماتە، پیاز، بامیە، باینجان، کودی و هتد. لە هاویناندا فیقی و سەوزە زۆر دەبن، نە هەمووی خڕ دەکرێتەوە و نەش دەخورێ،




بەڵکوو دەڕزێن. لە هەنجیر « ئەستوکە هەنجیر » درووست دەکەن، ئەگەر بیفرۆشن ئەوە نرخی یەک کراس بە ١٠٠ فلسە. هەناری لە بۆ « شابرمە » دەگووشن.
بە پێی خوو ورەوشتی کوردەواری، لەکاتی تێپەڕ بوون بە تەنیشت باخچەیەکدا، ئەگەر خاوەنەکەی بانگی کردی، بۆت هەیە لا بدەیت، بەڵام لە خۆتەوە جوان نییە لابدەی. زۆر مەخابن ئەوبەرە ئاوا بەفیڕۆ دەچێ، نە دەفرۆشرێ و نەش دەدرێتە خەڵکی. جارێکیان بووە قسە لەگەڵ خەڵکی و لەو بارەوە وتیان: عادەتمان نییە بیفرۆشین. وتمان باشە دەنا ئێمەش بێبەش مەکەن.. هەموو لە جێی خۆی بێدەنگ بوو.. لێرەدا تەنها چاکەی شێخ عەلی لەبیر ناکرێ، کە هەموو مامۆستایان بە خێری ئەو کەیفخۆش بووبوون، بەتایبەتی من و دووانی دی..

## مزگەوت و تەکیە

خاوەنی تەریقەت و پیاوە زانا و ئایینییە گەورەکان، ڕۆڵێکی دیاریکراویان لە دەستنیشانکردن و دروستکردنی تەکیە و مزگەوتەکاندا بینیوە. بۆ خواپەرستی و حەوانەوەی مریدەکان و ئەو حەشاماتەی دێنە سەردانیان. ئەمە وای لە خودان کرد، بە یارمەتی مەلا مسەفا مزگەوتێک دروست بکەن، کە بە دوو ساڵ تەواو کرا و ١٤ هەزار دیناری تێچوو.. ئەو مزگەوتە لەمێژ نییە درووست کراوە وەکوو لە نووسینی سەر دیوارەکەیدا دەردەکەوێت « شید فی عهد أحمد البارزانی سنه ١٩٦٤ » هەموو حەوت ساڵێکە درووست کراوە.

بۆ تەرخانکردنی ئەو شوێنە بۆ مزگەوت، بارزانییەکان لە زاری باوباپیرانیانەوە دەگێڕنەوە کە گوایە کابرایەک لەو ناوەدا چاوی بە چۆلەکەیەکی لە ئاو هەلژەنراو دەکەوێ و یەکسەر مەزەنەی بۆ بوونی کانییەک لەو ناوەدا دەچێت. دێن ئەو شوێنە هەلدەکەنن و ئەگەنە بناغەی ئەو مزگەوتە. ئیتر لەسەر ئەو بناغەیە ئەو مزگەوتە دروست دەکەنەوە. بە بڕوای بارزانییەکان ئەوە وەختی خۆی مزگەوت بووە، چونکە میحرابی هەیە و ڕووی لە قیبلەیە، بەلام سەیرکردنی پلانیرۆفکەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ وەختی خۆی جێ پەرستگای جولەکەکان، یان دیانەکان بێت..



**دەرگای مزگەوتی بارزان**



**تەکییەی بارزان** ، خانووەکەی لە قوڕ دروست کراوە، درێژییەکەی لە دەوروبەری ٣٠ مەتر دەبێت و پانییەکەی خۆی لە چوار مەتر دەدات. یەک دەرگای هەیە و دەکەوێتە خوارووی مالی شێخ ئەحمەدەوە کە لەگەل دیواری حەوشەکەی چەند مەترێکیان نێوانە. لەسەردەمی خودانی هاژەی دەهات لە خەلکی. هەر کەسێک کە خەلکی ئاوایی بارزان نەبوایە و لای بدایە، ئەوە حەقی هەبوو لەو تەکیە ڕۆژیی سێ ژەم نان بخوات و شەوانیش لە مزگەوت بنووستایە، بەلام پاش خودان بە ماوەیەکی کەم هەموو شتێک گۆڕا و باری تەکیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کورتی بوو، وەکوو جاران خەلک ڕووی تێ نەدەکرد و خواردنیشیان بە خەلک نەدەدا و بەرە بەرە تا وای لێهات بەیەکجاری داخرا و هەریەکە ڕووی کردە مالی خۆی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە بنەمالەی بارزانی دەیانویست بە هەر جۆرێک بێت خەلک لە عوسمان دوورخەنەوە و پەیوەندییان لە گەلدا ببڕێت. بەو جۆرە هەلسان لە « دیوخانەکانی » خۆیاندا، بە تایبەتیش لە لای وەحید و عەبدوللا و شەفیع نانیان دەدا بە خەلک. ئەویش بەو جۆرە بوو کە ئەوان لە مالی خۆیان نانیان بۆ ئەوانە دەبرد کە لە دیوخاندا دەمانەوە و جێگەی دیکەیان نەبوو، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بوو کە خەلکی دەوروپشتی بارزان بەشێکی بەرهەمی سالانەیانەی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و هتد لە عەمبار نەدەکرد، وەکوو لەکاتی خۆیدا دەیانکرد.
لەولاشەوە ئەو خەلکە وازی لە هێنانی بارەدار هێنا بوو، عوسمان نەیدەتوانی وەکوو جاران خەرجیی خواردنی ئەو

خەڵکە بخاتە سەر شانی خۆی، وەکوو دەیگوت لە کاتی خۆیدا خەڵک خۆی بە دەستی خۆی شتیان لە عەمبار دەکرد و دەیانخوارد، بەڵام ئەمڕۆ نایکەن و خواردنیش نییە بیخۆن. تەکیە سارد و سڕە و دەنگی لێ بڕاوە، نە هاژەهاژی سەماوەر و نە دەنگی تیسی ( سینی ) نە حەشامات و نە نۆبەتدارانی ماڵی شێخ. دنیا کش و ماتە و هەر وەکوو بڵێی لەو شوێنەدا ئاوەدانیی لێ نییە.

مزگەوتی بارزان زەوی و زار و مڵکی زۆرە، هەموو ساڵێکیش دەدرێتە کرێ بە خەڵکی و سێیەکی بەرهەمی زەوییەکە، چ بەراو بێ یا دەیمی دەکرێتە عەمبارەوە و بۆ ئەوەی لە تەکیدا خەرج بکرێ. ئەگەر هاتوو باخچەش بوو، ئەوا بەکرێ دانی بەو شێوەیەیە کە لە لایەن چەند کەسێکەوە بەرهەمی ساڵانەی دەقرسێنرێ و هەرچەنێکیش بێ، لە ٣ دینار تێپەڕ ناکا.

## ژنهێنان

پاش پێک هاتن، دایک و باوکی بووک و زاوا، دیاری دەکرێن و هەردوو لا خۆیان ئامادە دەکەن. ڕۆژی دیاریکراو، چەند کەسێک لە ماڵی زاواوە بە سواریی وڵاخ دێنە شوێن بووکێ و سواری یەک لە وڵاغەکانی دەکەن و یەکێک لە پێشەوە سەری وڵاغەکە بەرەو ماڵی زاوا ڕادەکێشێ. ژمارەی زۆر و کەمی وڵاخەکان دەگەڕێتەوە سەر باش و خراپیی حاڵ و باڵی بووک و زاوا. بۆ نموونە لە ١٣ مانگی نیسانی ١٩٧٢، ١٣ سوار لە دوای ئەو بووکە بوو کە لە گوندی بازێ - وە بۆ ئاوایی بارزان گوێزرایەوە، ئەوەش لەبەر نەبوونی ئۆتۆمبیل و



ڕێگەوبانی تازە.

بووکە دەڕازێننەوە و جلی جوانی لەبەر دەکەن و هەرچـ خشڵ و زێڕی هەبێ هەمووی پێوە دەکەن و هەرچەند بکـ جوانی دەڕازێننەوە. کە گەیشتە ماڵی زاوا، خەڵک هەموو دەبێتەوە و دەیکەنە هەڵا، « شایی لە بۆ دووانە، کر هەموانە ». ئیتر وردە وردە خەڵکی بڵاوەی لێ دەکە هەریەکە بەرەو ماڵی خۆی ئەڕوا. ڕۆژێ دوای ئەوە نانخواردن خەڵک دوو بارە لە ماڵی زاوا خڕ دەبنەوە و لـ نانێکی زۆر دەکرێ و پیاوان دەست دەکەن بە نانخوارد ئەوەش دەمێنێتەوە لە بەردەستی پیاوان دەیدەنە منـ هوردکە. ئیتر دەمەو عەسرێ خەڵکی بەرەو ماڵی خـ دەچێ. لە پێش ڕۆیشتنیدا پیرۆزبایی لە زاوا دەکەن و دا خێر و خۆشیان بۆ دەکەن.

ژن گواستنەوە، بە زۆری بەڕۆژ دەبێ، بەڵام ئەو بووکەی کـ لەبارزان دەبرێ، ئەوە لە ترسی منداڵە هوردکەی ماڵە شێخەکان، ناچار دەبێ بە شەو بیبەن. چونکە دەیاندەنە بەر بەرد و هەتا سەری نەشکێنن واز نایەنن... ژنانی ئاوایی سـ لە سبەی دەچنە ماڵی بووکێ و پیرۆزبایی لێ دەکەن و هە یەکە بە گوێرەی حاڵی خۆی شتێک دەداتە بووکێ، زۆربە ئەو شتانە بریتین لە دووسێ درهەم. پاش چەند ڕۆژێک بووک دەگەڕێتەوە ماڵی بابی و لەگەڵ خۆیدا دیاریش دێنێ. ئـ سەردانە لە لای ئێمە پێی دەڵێن « باوە خوێن »، ئیتر لە پا گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆی و دەست دەگرێ بە ژیانی خێزانێتی خۆیانەوە..

بارزان متوجه الى بغداد. وقد نقل الشيخ احمد البارزاني على متنها بعد ماقررت اللجنة تعذر معالجته فى بارزان.
للتفضل بالعلم رجاءا

عبدالباقى جواد المختار
مدير ناحية بارزان

شێخ ئەحمەدیان لە نەخۆشخانەی - ابن سینا- نواند، پاش دوو رۆژ واتە لە بەرەبەیانی ١٩٦٩/١/١١ کۆچی دوایی کرد. هەر ئەو رۆژە تەرمەکەیان بۆ بارزان هێنایەوە، خەڵکیش هەواڵی مردنیان زانی. ئەمەش بروسکەی مودیری ناحیەی بارزانە دوای وەرگرتنی تەرمەکەی شێخ ئەحمەد:

الى متصرف اربيل
مكرر/ قائمقام الزيبار
مكرر/ ب ض
من مدير ناحيه بارزان
العدد: فوق العاده
التاريخ: ١٩٦٩/١/١١

وصلت الطائرة واستلمنا جثمان الشيخ احمد البارزاني فى تمام الساعة الثانية والربع ظهرا. للتفضل بالعلم رجاءا و سنوافيكم بتحرك الطائرة.

عبدالباقى جواد المختار
مدير ناحية بارزان



### جەژن

جەژنی رەمەزان و قوربان و مەولوودی پێغەمبەر سێ رووداوی گەورەیە لە ژیانی ناوچەی بارزان و هەموو بەشەکانی دیی کوردستانیشدا پێکەوە جەژن دەکەن.

### جەژنی رەمەزان

پاش کۆتایی هاتنی مانگی رەمەزان، خەڵک جەژن دەکەن. بارزانییەکان لە ٢٠/ ١١/ ١٩٧١ دا رۆژێک دوای عێراق جەژنیان کەرد، هەروەها لەسەر ئەوە دەڕۆن کە مانگیان دی بە رۆژوو دەبن هەتا دیتنەوەی مانگی ئایندە.
جەژن لە بارزاندا وەکوو لایەکانی دیش لە کوردستاندا، منداڵان بە جلی جوانەوە دەر دەچن و کوڕ و کچ بە جیا جیا و هەر سێ و چوار کەسێک پێکەوە لەو ماڵەوە دەچنە ئەو ماڵ و هەر یەکێ توورەکەیەکی سپی پێیە و دەچنە ماڵان بۆ پیرۆزبایی جەژن و وەرگرتنی جەژنانە. خەڵکیش هەر یەکەو دەستیان چی بگرێ، لە قەسپی کوڕکوژە یان چکلێت، ترش و شیرینی، هتد.. هەر یەکە و بە گوێرەی حاڵی خۆی.. ئیدی بەو جۆرە هەموو ماڵان تاکو دەوروبەری سەعات دەی بەیانی تەواو دەگەڕێن. پیاوان دەچنە سەردانی کەس و کاری خۆیان، بەڵام دەبێ هەموو سەر لە بەیانی بچنە لای گەورەی ئاوایی کە ئەو کاتەش لەوێ عوسمان بوو. مامۆستایانی قوتابخانەش لەو جەژنانەدا بۆ چاک و خۆشی و بە خێرهاتنکردن لە لایەن ئەو خەڵکەو ئەوانەی کە لە گوندەکانی

دییەوە ئەهاتن، بۆ نموونە ئەو کاتە ئێمە لەوێ بووین، دوو پیاوی پیر لەگەڵ نزیکەی ٣٠ کەس لە هۆستانەوە هاتبوونە بارزان.

**مەولوودی پێغەمبەر**

یەکێ لە ماڵە شێخەکان لە بیست و نۆی حوزێران مەولوودیان کرد، لەبەر ئەوە لە دوای خەڵکێکی زۆریان ناردبوو و ئێمەیش دەعوەت بووین. ڕۆژێ پێش ئەوە هەموو تەدارکی مەولوود ئامادە کرا بوو و ڕۆژی مەولوودەکەش ژنان هاتنە ماڵی شێخ بۆ یارمەتیدان لە لایەکەوە خواردنیان حازر دەکرد و لە لایەکی دیشەوە خەڵک دەستە دەستە دەچوونە ئەو ماڵە بۆ گوێ گرتن لە مەولوودی پێغەمبەر. کەمێ درەنگتر دەست کرا بە خوێندنەوەی کتابی مەولوود بە شێوەی بادینی و دواییش کتێبی « دلائل الخيرات » یان خوێندەوە. لێرەدا هەرکەسێ دەنگی باش بێ دەتوانێ کەمێ لەو کێتبە بخوێنێتەوە. پاش تەواو بوونی مەولوود خواردن دابەش دەکرێ و چاش دەخورێتەوە. دوایی خەڵک بڵاوەی لێ دەکات و هەرکەس بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە مەولوودانە دەوروبەری ١٠٠ دینارێکی تێ دەچێ کە پارەیەکی زۆرە و لەباری هەموو کەسێکدا نییە.

**جەژنی نەورۆز**

بارزانییەکان لە بارزاندا نەورۆزێکی ئەوتۆ ناکەنەوە، بۆ نموونە جەژنی ئەم ساڵ هەر کردنەوەی دوو ئاگری بچووک



بوو لە لایەن منداڵە هوردکانەوە. لەولاشەوە پۆلیسی مەخفەری بارزان ئاگرێکی گەورەیان کردەوە و ئیتر بوو بە هەلا و ئێمەش ، مامۆستایانی قوتابخانە چووینە سەر بانی قوتابخانە و ئاگرێکی باشمان کردەوە و خەڵکی بارزان دیتیان، ئەوە بوو سبەینێ زوو شێخ ئیسماعیل هات و گوتی « مامۆستایینە ئاگر هی مەجوسانە و کردنەوەی حەرامە » ئێمەش پێمان گوت «نەخێر یاشێخ ئاگر نیشانەی ڕزگاربوونی نەتەوەی کوردە».

**خوێندن**

هەموو ساڵێ ژمارەیەکی کەم و زۆر لە قوتابی قوتابخانەکانی سەرەتایی ناوچەی بارزان تەواو دەکەن و هەندێکیشیان دەیانەوێ زیاتر بخوێنن، جا لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی ناچار دەبوون بچنە جێگایەکانی دیکە، زۆریشیان ڕوویان دەکردە گەلاڵە، بە تایبەتیش کوڕە شێخەکان، چونکە قوتابخانەکە بە دەستی شۆڕش و شۆڕشگێڕانەوە بوو و نزیکیش بوو لە مەقەڕی بارزانییەوە لە ناو پردان و جێی مەترسی و لێقەومان نەبوو. قوتابیان زوو زوو چاویان بە کەس و کاری خۆیان ئەکەوت و ئەوەیان پێویست بووایە بۆیان جێ بە جێ دەکرا. کەس و کاری قوتابییەکان هەردەم دڵیان لای منداڵەکانیان بوو و لەوە دەترسان تووشی کێشەیەک بن بۆ خۆیان و بنەماڵەی بارزانی. هەر بۆیەش حەزیان نەدەکرد لێیان دوور بکەونەوە. ئەوەی شایەنی باسە بارزان لە پێشدا قوتابخانەی ناوەندی

لێ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی قوتابیان دەچوونە شوێنێکی دوورتر لە بارزان و دوور لە دایک و باوکیانەوە و سەر بەخۆش بوون. زیاتریش بۆ وەرگرتنی ئەو یارمەتییەی کە ئەگەر لە ناوچەی خۆیانەوە دوور بوونایە پێیان دەدرا، ئیتر ئەمە وای کرد قوتابخانەی ناوەندی لە بارزاندا نەمێنێ.
قسەیەکی وا باو بوو کەوا دەنگ هەبوو نزیکەی ٥٠ قوتابی لە بەشی ناوخۆ وەر بگیرێ، بەڵام تا ئێمە لەوێ بووین هیچ نەکرا.. لەپاشدا و دوای هەوڵێکی زۆر، ئەوە بوو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر، کە لەو کاتەدا مەلا محەمەد ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، بڕیاری دەست پێکرنەوەی خوێندنی لە قوتابخانەی ناوەندی بارزاندا دا، بەڵام قوتابیان لە گەلاڵە دەیانخوێند و نەیاندەتوانی بە ئاسانی قوتانخانەی ئەوێ بەجێ بهێڵن و بارزانیش هێشتا مامۆستای بۆ دانەنرا بوو... ئەوە بوو منیان وەکوو یەکەمین مامۆستای ناوەندی بە ئەمری ئیداری ڕەوانەی بارزان کرد. من لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٧١ چوومە بارزان و چەند ڕۆژێک چاوەڕوان بووم، هەتا قوتابییەکان پەیدا بوون و دەست کرا بە خوێندن.
خەڵکی بارزان و بە تایبەتیش ماڵە شێخەکان زۆر بەوە کەیف خۆش بوون کە قوتابخانەی ناوەندی دووبارە لە بارزان کرایەوە و خوێندن دەستی پێ کرد، چونکە لەلایەکەوە منداڵەکانیان هاتنەوە بن باری خۆیان و بووە هۆی قەرەباڵغییەک بۆ کڕین و فرۆشتن ، ئەو خۆشحاڵییە لە قسەکانی عوسماندا وا دەر دەکەوت. ئەوە بوو کە لە



سەرەتای مانگی نۆڤێمبەری ١٩٧١ دەستم پێ کرد و شێخەکانیش وەکوو وەحید و شفیع بە دیار دەکەوت، هەر یەکەو بە جۆرێک ئامادەی یارمەتیی دەر دەبڕی.
قوتابخانەی ناوەندیی بارزان وەکوو هەموو قوتابخانەکانی دیی کوردستان گیروگرفتی زۆری هەبوو، وەکوو :
یەکەم ـ ئەو مامۆستایانەی کە ڕەوانەی بارزان کرابوون، زۆربەیان خۆیان بە دوورخراوە دەزانی. ئەمە هەرچەندە لەڕاستیشدا هەر وا بوو، چونکە هەر مامۆستایەک و لەبەر هەر هۆیەک بوایە و بە دڵیان نەبوایە، ئەوە لە پەروەردەی هەولێرەوە ڕەوانەی بارزانیان دەکرد و دەبوایە هەر لەوێ بناڵێ و هەر بیوتایە « ئاغا دوو گام دزراوە » و کەسیش لێی نەدەپێچایەوە. یەکێ لە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر ڕقی لە مامۆستایەک بوایە، پێیان دەوت « ئەگەر دانەنیشی ئەوە بارزان چاوەڕێتە » ئەو هەڵوێستە بەرانبەر بارزان لە نووسینەکانی سەر دیواری ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بارزانیش بەدیار دەکەوێت. لەوانەی نووسراون لە ١٠/ ١٠/ ١٩٦٤ دا ئەمری خودای بەجێ هێنا. بەحرکە، لە ١/٩/ ١٩٦٧ ڕزگاری بوو نێردرایە کەرکووک. فلان کوڕی فلان لە ٢٦/ ٣ / ١٩٦٧ هێنرایە بارزان، زۆر شتی خراپتریش کە هەمووی واتای ناڕەزایی دەربڕین بوو بەرانبەر ئەوەی نێردراونەتە بارزان. ئەوەش ڕەوانەی بارزان بکرابایە، ئەوە بە ساڵێک و دوو ساڵ نەدەگەڕایەوە هەولێر یان هەر نەبێ، نزیکی شار.
دووەم ـ قوتابییەکان لە قوتابخانە و لە مزگەوت ، لەدەست

هەندێ منداڵ هاوارهاواریان بوو و گوایە ئەو منداڵانەی ئەوەی دەکەن، بە مافی خۆیان دەزانن و کەسیش نەبوو بڵێ لەسەر چاوتان، دوو برۆیە. ئەم ڕووداوەش هەر لە قوتابخانەی بارزاندا نەبوو، بەڵکوو لە هەموو قوتابخانەکاندا هەر هەیە. ئەو ئەشکەنجانە لە قوتابخانەکاندا، بەرانبەر مامۆستاو لەبەر خاتری مامۆستا، هەندێ کەمتر بوو، بەڵام لەژوورەکانی مزگەوتدا، لەکوێ قوتابییان دەژیان، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی بارزان کەس نەبوو تەحەمولیان بکا، دوایش دەهاتنە مەکتەبێ، مات و مەلوول و کز و سیس، منیش دەمویست دڵیان بدەمەوە و هانیان بدەم تاکوو مەکتەب بەجێ نەهێڵن، چونکە بەڕاستی ئەگەر من نەبوومایە، ئەوا هەندێکیان مەکتەبیان بەجێ دەهێشت. کە لێم دەپرسین بۆچی ئاوان، لەوەڵامدا دەیانگوت فڵان و فڵان شەوێ عەجمانیان لێ بڕیوین، منیش زۆر جار باسی یەکسانیم بۆ دەکردن، لە نێوان قوتابیاندا کەس لەکەس گەورەتر نییە، جودایی نییە و دەبێ هەموو لایەک وەکوو یەک بن. ئەو قسانە بە منداڵاندا گەیشتەوە ماڵانی شێخ و منداڵان لە دایک و بابیان دەپرسن « چۆن ئێمە لەگەڵ منداڵانی میللەت جیاوازیمان نییە، ئەی ئێمە شێخ نین » . ئەوەبوو ڕۆژێکیان وەحید ئەو قسانەی پێ وتمەوە، « قەیناکا منداڵان کتێب و دەفتەر و قەڵەمیان یەک بێ، بەڵام ئەو قسانەی پێ ناوێ ».

سێیەم - قوتابخانەی ناوەندیی بارزانی کوڕان مامۆستای زانیارییان نەبوو، منیش هەرچەندە هەوڵم دەدا، نەمدەزانی چ بکەم، ناچار یەک یەک لەگەڵ ماڵە شێخاندا قسەم کرد،



ئەوانیش هیچ تەقسیریان نەکرد، کارەکە وای لێ هات گەیشتە مەقەڕی بارزانی، بەڵام بێ کەڵک بوو، چونکە لەبەر کەمیی ئەو جۆرە مامۆستایانە لە بەڕێوەبەرایەتیی هەولێر و شارەکان و دەوروبەریشی، هەر مامۆستایەک لە دوو سێ قوتابخانە دەرسی دەوتەوە و ئامادەش نەبوو مامۆستایەک بنێرێتە بارزان دەرس بە ٤٠ قوتابی بڵێتەوە. بۆ نموونە ئەو کاتە حوسێن ڕەشوانی وتی « کەس نییە بینێرم، هەرچیم لێ دەکەن با بیکەن »، ئەمە لەخۆیشیدا ڕاست بوو، چونکە هیچ مانای نەبوو کە لەبەر خاتری فڵان و فڵان ئەو کارە بکرێ. هەرچەندە گیروگرفتەش هەر بۆ من دەبوو، ئەی باشە چۆنی چارە بکەم. ئەوە بوو مدیری ناحییە و معاونی پۆلیس دەیانگوت گوایە دەرس وتنەوە زۆر ئاسانە و ئێمە نامانەوێ خۆمان ماندوو بکەین، ئەگینا پێمان دەکرێ ئەو دەرسانەش بڵێینەوە، هەرچەندە هەوڵم دەدا بڕوایان نەدەکرد، منیش فریای ئەوە نەدەکەوتم ئەو کارانە بکەم. لەدواییدا وتیان ئێمە ناوە ناوە دێین یارمەتیت دەدەین، هەر ئەوە بوو دوو سێ دەرس هاتن، ئیتر لەدواییدا دەستیان کرد بە مهانە گرتن، گوایە قوتابیان ناخوێنن، ئەمڕۆ ناتوانین. مدیری ناحیە کە دەچووە پۆلەوە، لە پاش چەند وتەیەک ئیتر هیچی پێ نەدەما و هەر دەیوت « هەلو مەجەرە » ئیتر ئەمە بووە لەقەبی لە ناو قوتابیانی ناوەندیی بارزاندا.ئیتر هێواش هێواش پاشەکشەیان لێی کرد و وازیان لێ هێنا و دانیان بەوەدا نا کە دەرس وتنەوە قوونی دەوێ کۆزەر بکوتێ..

## یاساکانی بارزان

ڕاوکردنی بزنەکێوی، کەو، بە تفەنگ، ڕاوە ماسی بەنارنجۆک، بڕینی داری تەڕ و تازە شین بوو،داری بەبەر، داری گوێز، مازوو، قەزوان، بەزۆریی مارەکردنی کچ، ناموس بردنی کچی خەڵکی، پیاو کوشتن لە ئاوایی بارزان، ئەوانە هەموو لە ئاوایی بارزاندا قەدەغە بوو. لەبەر ئەوە بزنە کێوی بە مێگەل لە ناوچەی بارزاندا دەلەوەڕان. بۆ نموونە چواری مانگی مایسی ١٩٧٣ کە لەگەڵ مامۆستا عەلی محەمەد سدیق بارزانی پێکەوە بە چیای شیریندا هەڵگەڕاین، لە لای دەرێ، مێگەلە بزنەکێویێ گەورەمان دی لەسەر چیای شیرین دەلەوەڕان. هەروەها دارستانی ناوچەی بارزان لەچاو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، دەستی لێ نەدرا بوو و هەر بە چڕی مابووەوە. خەڵک لەبۆ داری سوتەمەنی دەچوونە ئەوبەری زێ، لای چیای پیرس... لە دێیەکانی ناوچەی بارزاندا ئەتوانی ڕاوە کەو بە داو، دێوجامە، تەپکە، پەرژین، سۆتە، بەدەست و هیتریش. هەروەها ڕاوە بەراز، لەبەر ئەوەی کە دەغڵودانی تێک دەدا، هەموو ساڵێک ڕۆژێکی تایبەتی هەبوو کە شێخەکان لە گەڵ چەند پیاوێک دەچوونە ڕاوە بەراز و زۆر بە خۆشی لە بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە.



## بزووتنەوەی ئایینی لە بارزاندا

لە ناوچەی بارزاندا چەند بزووتنەوەیەکی ئایینی ڕووی داوە، کە مەبەست تەنها بڵاوکردنەوەی ئایین بووە و خەڵک زیاتر لەسەر شەریعەت بڕوا و بیروڕای ئایین زیاتر بە تینتر بێت. سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوانە زیاتر لە بنەماڵەی مەلا عەبدوڵڵا بووە کە باپیرە گەورەی بارزانییەکانە. ئەمە نەک وەکوو ئەو بنەماڵەیەی حوکمی بارزانیان دەکرد، واتە نەوەی شێخ عەبدلسەلام. ئەو بنەماڵەیە زۆر لەو بزووتنەوەیانە دەترسان، چونکە زۆر چاک دەیانزانی ئامانجی هەرە دووریان حوکم لەدەست دەرهێنانیانە، لەبەر ئەوە زۆر بە توندی لەگەڵیان دەجووڵانەوە، زۆر هەوڵی ئەوەیان دەدا بە خۆشی واز بێنن و لەبەر چاوی خەڵک ساردیان بکەنەوە. ئەگەر ئەوەش نەکرابایە، ئەوە بە زەبری خەنجەر پێیانیان بەتاڵ دەکرد..

**شێخ:** یەک لەو پلە بەرزانەی کە هەندێ کەس لە ڕێچکەی نەقشەبەندییەوە ئەیگاتێ، شێخە. شێخ و شێخایەتی ، لەقەبێکە کە چەند کەسێک لە بنەماڵەی بارزان هەیان بووە. لەوانە، شێخ عەبدلسەلامی یەکەم و شێخ عەبدلسەلامی دووەم و شێخ محەمەد، لەدوای ئەوانیش شێخ ئەحمەد کە خاوەنی ئەو نازناوە بوون و ئیرشادیان دەکرد و مریدیان هەبوو.



شێخ ئەحمەد لە پاییزی ١٩٦٩ دا



**خودان**

بارزانییەکان ناوی شێخ ئەحمەدیان باتاقی تەنیا بە خودان ناو دەبرد. خودان هات، خودان ڕۆیشت، خودان دانیشت.. بە مانای خاوەنی شتێک یان گەورەی نەتەوەیەک. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەندێ لە دژمنانی بارزانییەکان وا دەڵێن کە گوایە مەبەست لە خودان خوایە، چونکە لە وشەی خواوە نزیکە. ئەمە قەت بە مانای خودا نایەت و بارزانییەکانیش قەت مەبەستیان ئەوە نەبووە و بۆ ئەوە بەکاری نایەنن.

**مەلا**

لە بنەماڵەی بارزانیان چەند کەسێک بە مەلا بەناوبانگن، لەوانە، مەلا مستەفا، مەلا سلێمان، مەلا جوج، ڕەنگە ئەوە لەکاتی خۆیدا لەقەب بووبێ کە بەو کەسانە دراوە لە بارەی شەریعەتەوە و هێشتا ماویەتی بگەنە پلەی شێخێتی، بەڵام مانای ئەوەش نییە وەکوو لای خۆمان مەلای دوانزە عیلم بن و تەواویان کردبێ.

**١- بزووتنەوەی شێخ محەمەد**

یەکەمین کەسێ کە ڕێچکەی نەقشەبەندیی پەسەند کردبێ، بە بیروڕای بارزانییەکان خۆیان، عەبدلسەلامی یەکەم بووە کە لەسەر دەستی سەید تەهای نەهری بووە. ئەو سەید تەهایەش لە دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی وەرگرتووە. وادیارە لە دەوری عەبدلسەلامی یەکەم ئەو تەریقەتە زۆر باوی نەبووە.

مریدی کەم بووە.

بەڵام لەدواییدا لەسەر دەستی شێخ محەمەد دا پەرەی سەندووە و ڕۆژ بەڕۆژ مریدی زیاد بووە. وەکوو دەڵێن ئەو شێخ محەمەدە زۆر بەدین بووە و زۆریش لەسەر ئەم ڕێچکەیە سوور بووە، موعجیزەی هەبووە. مریدێکی زۆری هەبوو، بە گەورەیی و کەرامەتی خۆی زۆر شتیان لێی دیوە. دەگێڕنەوە کە دەکەوێتە زیندانی عوسمانییەکانەوە، حەوت ڕۆژ دەرگای لێ ناکەنەوە، ڕێگەی دەستنوێژ هەڵگرتنی نامێنێ، لە ڕۆژی حەوتەم بە قودرەتی خوا دەرگا دەکرێتەوە و دەکەوێتە سەر پشت. پاسەوانەکان لە کەرامەتی ئەو کابرایە واقیان وڕ دەمێنێ، سەریان سووڕ دەمێنێ و کاغەزێک بۆ ئەستەموول ئەنووسن و باسی ئەو موعجیزەیە دەکەن. لەوێوە بڕیار دەدرێ بەرەیدەن و خەڵاتی پارەیەکی زۆری بکەن، بەڵام هەرچەندە هەوڵ دەدەن پارەکە وەرناگرێ، دوایی هەر یەک لیرەی لێ هەڵدەگرێ. دوایی ناچاری دەکەن کە وەری بگرێ و بەرەو بارزان دەگەڕێتەوە.

ئاواتی هەرە گەورەی ئەو بزووتنەوەیە هەر خواپەرستی بووە. دواییش لەبەر مەرکەزی ئایینی حوکمی ناوچەی بارزانیشی کەوتۆتە بەردەست. ئەو مافە هەتاکوو ئەوڕۆژ وەکوو جاران لەبن دەستی نەوەکانی شێخ محەمەد دا ماوەتەوە. لەدواییدا ڕابەرایەتیی ئەو ڕێچکەیەلە دوای مردنی بابی، دەکەوێتە دەستی عەبدلسەلامی دووەم و دواییش ئەکەوێتە دەستی شێخ ئەحمەد، ئەویش لەدوای کوشتنی شێخ عەبدولڕەحمان بە دەستی مەلا مستەفا و محەمەد سدیق، ئیتر واز لە



شێخایەتی دێنن و تەریقەت نادەن بە کەس و لەو ڕۆژەشەوە بارزانییەکان لەبارەی دینەوە بەبێ شێخ ماونەتەوە.

## بزووتنەوەی مەلا عەبدولڕەحمان

پاش کوشتنی عەبدولسەلامی دووەم، لە یەکی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩١٤ لەبەندیخانەی موسڵ، بەدەستی تورکەکان، بزووتنەوەی ئایینی لە بارزاندا بە بێ شێخ مایەوە. برایەکانی عەبدلسەلامیش هێشتا وایان لێ نەهاتبوو بتوانن خەڵک لە دەوروبەری خۆیان کۆبکەنەوە و شێخایەتییەکە تەواو بکەن و ببنە سەرۆکی بارزانییەکان. ئەمە وای کرد کە هەر یەکە لەئاستی خۆی قوت بێتەوە و حوکمی ناوچەیەک بکات و هەوڵی ئەوەیان دەدا کە عەشیرەتەکانی دی بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. لەوانەی کە زیاتر ئەو هەوڵەی دەدا، عەشیرەتی دلانی بوون، بەڵام پاش ئەوە شێخ ئەحمەد کرایە شێخی بارزان و جێگەی عەبدولسەلامی دووەمی برای گرتەوە، هێواش هێواش توانی باری بارزان چاک بکاتەوە و کاروبارەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دلانییەکانی بانگ کرد بۆ ڕێککەوتن و وازهێنان لە ئاژاوە. ئەم کارەیشی سەری گرت. پیاوە ماقووڵەکانی ناوچەی بارزان وایان بەباش دەزانی هەر وەکوو سەردەمی عەبدلسەلامی یەکەم کاروباری ئایینی هەر بەدەستی مەلا عەبدولڕەحمانەوە بمێنێ و ئەو ئیرشاد بکا و ئاگای لە مریدەکان بێت.

پەیوەندی شێخ ئەحمەد لەگەڵ مەلا عەبدلڕەحمان تا دەهات ڕۆژ بەڕۆژ پتەو تر دەبوو. زۆر جار دوو بە دوو لە هاوینە

هەواری - دولا بەکرا - یان لە - هۆری - دادەنیشتن باسی بەڕێوەبردنی تەریقەت و نزیک بوونەوە لە خودا و دوا ڕۆژیان دەکرد. هەروەها چۆنیەتیی بەهێز کردنی بیروباوەڕی ئایینی لە ناو خەڵکدا. شێخ ئەحمەد ئەوەندە مەلا عەبدلڕەحمانی چووبووە دڵەوە، وای لێهاتبوو داوای لێ بکات ببێتە شێخی بارزان، بەڵام ئەو قبووڵی نەدەکرد و دەیگوت تۆ برای ڕەحمەتیت و لە جێی ئەوێت و شێخی بارزانی .

مزگەوتی بارزان لە ساڵی ۱۹۲۰ - ۱۹۲۷ بووە جێگەی موریدەکانی بارزان و خەڵکێکی زۆر خر دەبۆوە بۆ گوێ لێ گرتنی وەعزەکانی مەلا عەبدلڕەحمان و ڕۆڵێکی زۆری لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینیدا بینی. هەموو ڕۆژێ وەکوو عادەت دەستە دەستە مریدی فێری کاروباری ئایین دەکرد و باسی سۆفیگەریی بۆ دەکردن. لە ئەنجامدا عەشیرەتی بارزان بووە یەک پارچە و هەمووش بە یەک دەست.ڕێزیان لە مەلا عەبدلڕەحمان دەگرت و هەر هەمووش بە قسەیان دەکرد و کەس لە قسەی دەر نەدەچوو. لە کردەوەکانیدا، ئەو زەکاتەی کە لە عەمباری دەکرا بەشی فەقیرو هەژارانی لێ دەدا و خەڵکی وا ڕاهێنا کە هەر یەکە یارمەتی ئەوی دیکە بدات. خوێندنی لەسەر هەموو کەس، پیاو و ژن فەرز کرد. لەسەرەتادا قورئانیان دەخوێند و دواییش شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری کە خوێندنەوەی باوی بوو لە ناو بارزانیاندا. بنەماڵەی بارزانی زۆر لە مەلا عەبدلڕەحمان دەترسان، نەوەکوو ڕۆژێکیش دەسەڵاتی دنیایان لێ بسێنێ و خۆی بکاتە گەورەی بارزان، هەر ئەوەش



بووە ناکۆکی نێوان بنەماڵەی بارزان و مەلا عەبدلڕەحمان لە ساڵی ۱۹۲۷یشدا زیاتر پەرەی سەند.

بنەماڵەی بارزانی حوکمیان لە شێخ عەبدلسەلامەوە بۆ مابۆوە، حوکمی ئایینیش لە دەستی مەلا عەبدلڕەحماندا بوو کە لە شێخ عەبدلڕەحمانی باپیریەوە بۆی مابۆوە، ئەمە واتا دوو بنەماڵەی بارزانی حوکمیان دەکرد. بنەماڵەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم بەوە ڕازی نەبوون کە تەنها حوکمی بارزان بکەن، بەڵکوو دەیانویست حوکمی ئایینیش هەر بەدەستی خۆیانەوە بێت و مەلا عەبدلڕەحمان لە مەیدانی حوکم کردن بە یەکجاری دەرکەن و دووری بخەنەوە. ئەوە بوو دەستیان کردە پڕوپاگەندە کردن دژی مەلا عەبدلڕەحمان کە گوایە لەڕێگەی نەقشەبەندی لای داوە و دژی بنەماڵەی عەبدولسەلام دەجووڵێتەوە و چاویشی بڕیوە لە حوکم کردنی بارزان. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا شێخ ئەحمەد لەجێی عەبدولسەلامی دووەم بوو، بەو قسانە بڕوای نەدەکرد و پشتی مەلا عەبدلڕەحمانی بەر نەدەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا محەمەد سدیق و مەلا مستەفا گەلێ هەوڵیان لەگەڵ دا تا واز لە مەلا عەبدلڕەحمان بێنێ و پشتی نەگرێ، بەڵام هەر بێ سوود بوو...

ڕۆژێکیان خەڵکێکی زۆر لەچیای « سەری موسەکان » بە پێی دەستوور و ئادابی بارزان کۆ دەبنەوە، کە بریتی بوون لە خەڵکی ئاسایی و مەلا و شێخ و گەورەپیاوان و زانا و هتد، لەوێدا بۆ بنەماڵەی بارزان زیاتر ڕوون بۆوە کە مەلا عەبدلڕەحمان ، دووەم کەسایەتی و دووەم پیاوە لە دوای شێخ

ئەحمەد، هەر بۆیەش ئەمە ترسی خستە دڵی بنەماڵەی بارزانییەوە و وای کرد لەترسی دەرچوونیدەسەڵات لەدەستیان، بڕیاریان دا مەلا عەبدلڕەحمان لەناو بەرن.

ئەوە بوو لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٢٧ محەمەد سدیق و مەلا مستەفا چوونە دوای مەلا عەبدلڕەحمان لە چیا، بۆ ئەوەی بێتەوە ئاوایی و بۆ شەرع کردن. ئەویش بێ یەک و دوو لەگەڵیاندا دەڕوا و نازانێ ئەمە دوا سەعاتێتی لەڕووی سەرزەمیندا!. ئێوارە دەچنە سەر کانی، لە جۆخینان، کە شوێنێکە پێی دەڵێن « زەفیا کنیشتی » بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن. لەپشتەوە مەلا مستەفا و محەمەد سدیق دەیدەنە بەر گوللە، هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ ئاوڕ بداتەوە و تەماشیان بکا، ئیتر هیچی تری پێ ناکرێ و لەوێ ڕۆحی دەر ئەچێ.. دوایی مەلا مستەفا زۆر لە محەمەد سدیق دەکا بچێتەوە ئاوایی بارزان بە دوای میقداد ئیسماعیل و عەبدوڵلا ئیبراهیمی حاج ـ دا، بۆ ئەوەی ئەوانیش بکوژن.. لەسەرەتادا محەمەد سدیق ڕێگا ناگرێ، بەڵام مەلا مستەفا ناچاری دەکات، ئەویش دەگەڕێتەوە ئاوایی و ئەو دوانەش دێنن و دەیانکوژن!!.. ئیتر خۆیان دەدزنەوە و دەچنە ناو شێروانیان.

هەواڵی کوشتنی مەلا عەبدولڕەحمان و ئەوانی دی دەگاتە شێخ ئەحمەد کە لە هاوینەهەواری « هۆری » دەبێ، شێخ ئەحمەد زۆر پێی تێک دەچێ..

ماوەیەک لەوە بەدواوە، شێخ ئەحمەد ئەنێرێتە دوای کوڕەکەی مەلا عەبدلڕەحمان و خۆی پڕ چەک دەکات و داوا لە کوڕەکەی مەلا عەبدلڕەحمان دەکا وەدوای کەوێ. پیاوانی شێخ ئەحمەد



هەر وەکوو جاران دوای شێخ ئەکەون بەرەو چیا.. شێخ هەموو پیاوانی خۆی دەگەڕێنێتەوە دواوە و بەتەنها خۆی و کوڕەکەی مەلا عەبدلڕەحمان ڕوو دەکەنە چیا و کاتێ دوور دەکەونەوە، شێخ ئەحمەد فیشەک ئەباتە بەرکار و تفەنگەکە دەداتە دەستی کوڕەکەی مەلا عەبدلڕەحمان و داوای لێ دەکا لەتۆڵەی بابیدا بیکوژێ!! و وا بزانێ ئەو بابی کوشتووە!. کوڕە دەست دەکا بەگریان و زۆر پێی تێک دەچێ و دەڵێ من ئاگام لە هەموو ڕووداوەکە هەیە.. شێخ هەرچەندە هانی دەدا کە تفەنگەکە بتەقێنێ و بیکوژێ، بەڵام بێ سوود دەبێ.. تۆڵەی بابی لەو ناکاتەوە. ئەو ڕۆژە تا درەنگێ شێخ لەگەڵ کوڕی مەلا عەبدلڕەحمان لە چیا دەمێننەوە و شەوێ درەنگ دەگەڕێنەوە. شێخ ئەحمەد ئیتر هەر لەدوای ئەو ڕووداوەوە لە بارزان دەرچوو و چووە گوندی « ڕاووشان » و چەند ساڵێک لەوێ مایەوە.دوایی جارێکی دی گەڕایەوە بارزان و وازی لە شێخایەتی هێنا و کەسی دیکەشی لە جێگەی مەلا عەبدلڕەحمان دانەنا، چونکە لەوە دەترسا دوارۆژی ئەوانیش هەر وای لێبێ..

شێخ ئەحمەد زۆر لە مەلا مستەفا و محەمەد سدیق توڕە بوو بوو، ئەوانیش ئیتر نەهاتنەوە بارزان تاکوو دنیا زۆر ناخۆش بووبوو و شەڕ لە نێوان حکوومەتی عێراق و بارزانییەکاندا دەستی پێ کردبوو، دوایی خەڵکێکی زۆر چوونە لای شێخ ئەحمەد بۆ ئەوەی لە مەلا مستەفا و محەمەد سدیق خۆش بێ، ئەویش بەناچاری لێیان خۆش بوو، بەڵام تاکوو مردیش هەر کوشتنی مەلا عەبدلڕەحمانی لە دڵدا بوو..

## ٣- بزووتنەوەی خورشید

کەم کەس هەیە باسی بزووتنەوەی خورشید بەچاکی بزانێ. چونکە هەر کەسێک بیویستایە شتێک بپرسێ، بارزانییەکان دەیانشاردەوە و بە گومانەوە سەیریان دەکردی و هەرچەندە زۆریشت بکردایە، ئەوە بە سەرپێی وەڵامیان دەدایەوە و شتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەدەدا.. ئەوەی دەیخوێنیتەوە، بەرهەمی تەقەلایەکی زۆرە کە سەرچاوەکانیان بارزانییەکان خۆیانن و ئەو مامۆستایانەی قوتابخانەی سەرەتایی پێش من کە لەوێ بوون و چاویان بە خورشید کەوتبوو، خەڵکیان دیتبوو کە چۆن دوای ئەو بزووتنەوەیە کەوتبوون..

بەپێی ئەو زانیارییەی کە من بە دەستم کەوتوون، ئەبێ خورشید کوڕی « مریم » ی خوشکی شێخ ئەحمەدی بارزانی بێ. وا دیارە ئەو کچە پەیوەندییەکی تایبەتی هەبووە لە گەڵ باوکی خۆرشید دا. لە لایەکی ترەوە ئەو پیاوە ژن و ماڵی هەبووە و ژنەکەی شێروانی بووە، پێیشی دەچێ « مریم » مێردی پێی کردبێ و لە ژیانی ژن و مێردایەتییاندا خورشیدیان بووە. شێخ ئەحمەدیش دەبێتە خاڵی خۆرشید، کە ئەویش لە زگی دایکیدا بووە بابی دەمرێ و هەر بە ناوی باوکێوە ناو دەنرێ، واتە خۆرشید، کە لەزگەوە لە بنەماڵەی شێخەکانە..

لێرەدا دوو خۆرشیدمان هەیە کە باوک و کوڕن، واتە پێی بڵێین خۆرشیدی یەکەم و خۆرشیدی دووەم. خۆرشیدی یەکەم لە دوو ژن دوو کوڕی دەبێت. زربرایەکی خۆرشیدی دووەم دەبێت کە ناوی سادق دەبێت. ئەمیش کوڕێکی بەناوی



ئەحمەدبەگ، دەبێت. خورشیدی دووەمیش دوو کوڕی ئەبێت کە یەکێکیان ناوی عەبدوڵڵا ئەبێت.

وا پێی دەچێت بزووتنەوەی خۆرشید لە ساڵەکانی پەنجادا ئاشکرا بووە و سەری هەڵداوە. ئەویش دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٥٥دا. شێخ ئەحمەدیش یەکێک دەبێ لەوانەی کە دەگەڕێتەوە لە پاش گەڕانەوەی خودان. خورشید لای شێخ ئەحمەد زۆر بەقەدر دەبێت و دەچێتە دڵیەوە، بە ڕاستگۆ و کردەوە باش و پاکی دەست لەدنیاو ماڵی دنیا هەڵگر ناو دەرەکا. شێخ ئەحمەد لە خەڵک دەگەیەنێ کە ڕێزگرتنی خۆرشید پێویستی سەرشانی هەموو لایەکە و خەڵک دەبێ لەقسەی دەرنەچن و هەڵسان و دانشتن دەبێ بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئەو بێت، ئەمەش وا دەگەیەنێ شێخ ئەحمەد متمانەی تەواوی بە خۆرشید هەبووە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئایینی لە بارزاندا، ئەگەر چی بارزانییەکان و بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی ئەو کردەوەیەیان دیسان لەبەر گران بوو ، ئەویش لە دەسەڵاتی دوارۆژ دەترسان کە خەڵک لەپاش نەمانی خودان هەموو ڕوو بکەنە خۆرشید و بە گەورەی خۆیان دابنێن. ئیتر شێخەکانیش دەسەڵاتیان نەدەما و دەبوایە چاو لە خەڵک بکەن و بۆ خۆرشید دەست بە سینگ بن. ئەمە هەتا شێخ ئەحمەد مابوو بنەماڵەی بارزانی بە ئاشکرا شتێکیان نەکرد ناڕەزایی خۆشیان هەر شاردبۆوە.. شێخ ئەحمەدیش ڕۆژ بەڕۆژ بڕوای بە خۆرشید زیاتر دەبوو ڕەنگیشە بیری لەوە کردبێتەو بیکاتە جێگری خۆی تاکوو خەڵکی زیاتر لە دەوروبەر کۆ ببێتەوە و

بروایان زیاتر پێ بێ.

شێخ ئەحمەد ڕۆژێ دەفەرمێ کە خەڵک دەبێ بچنە سەردانی خۆرشید، خەڵکی بارزانیش بە گەورەو بچووکەوە بەرەو گوندی خۆرشید دەچن و هەر یەکە لەدڵی خۆیەوە دەپرسێ کە مەبەست لەم سەردانە دەبێ چیبێت!! کەچی شێخ خۆی لەگەڵیاندا ناڕوات!! ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بووبێ کە خودان ئەو پیاوە باشەی بە خەلیفەی خۆی زانیوە و عادەتیش نییە شێخ بچێت بۆلای خەلیفەی خۆی لەو حاڵەتەدا..

پاش کۆبوونەوەی خەڵک لە گوندی خۆرشید، خۆرشید هەڵدەستێ و دەست بە قسەکردن و ئامۆژگاریی ئەو خەڵکە دەکات و دەڵێ هەموو لایەک دەبێ لە قسەکانی خودان دەرنەچین و گشتمان بەقسەی بکەین و ئەو ڕابەری هەموومانە.. ئەو هەموو قسانە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ خەڵک ئەوە بزانێ ڕەنگە من ببمە جێگری خودان .

## عەقیدەو بیروباوەڕی خۆرشیدییەکان

بە بڕوای خۆرشیدییەکان، هیچ شتێک لەهیچەوە نابێ، نەبوون مانای نەبوونە، هەموو لایەکانی زانین هەر یەک کەس دەیزانێ، ئەویش پیاوی گەورەیە. نەمان لەبۆ لەشە، گیان مردنی لەبۆ نییە، کردەوە و خوو و ڕەوشت و هەڵسان و دانیشتنی پیاوی گەورە، بە تایبەتیش لە ناو مریدەکاندا بزر نابێت. ئەو کەسەی جێگەی پیاوە گەورەکەی دەگرێتەوە، ئەوە هەموو سیفەتەکەی ئەوی تێدایە، واتە ئەوەی پێشوو هەر بە ڕەواڵەت مردووە و لەڕاستیشدا هەر زیندووە..



## بارزان لەسەرەتای شۆڕشی کوردستاندا

یازدەی ئەیلوولی ١٩٦١ ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕ بوو بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا لە باشووری کوردستاندا. لەسەرەتاوە لەناوچەی بارزانەوە دەستی پێ کرد و دواییش هەموو شوێنەکانی تری ئەو بەشەی گرتەوە.

## شەڕی پێرس

شەوی چواردەی مانگی ئەیلوولی ١٩٦١، مەلا مستەفا بە پیاوەکانی بنەماڵەی بارزانی ڕاگەیاند کە دەبێ خەڵک ئاوایی چۆڵ بکەن و بچنە چیای شیرین چونکە بڕیار دراوە بەسەر زیبارییەکاندا بدرێت، بەڵام لەڕاستیدا دەستپێکردنی شەڕ بوو دژی عێراق. چۆلکردنەکەش لەبەر ئەوە بوو نەک خەڵک زیانی لێ بکەوێت، چونکە چاوەڕوانی لەوە دەکرا حکوومەت بە فڕۆکە ئەو ناوچانەی شەڕی لێیە لە بارزان بۆردومان بکات.

شەڕی پێرس لە نێوان هێزی کوردستان کە بارزانییەکان بوون لەگەڵ هێزی حکوومەت و جاشەکانیدا بوو. هێزی کوردستان نزیکەی نۆسەد کەس بوون و بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کرابوو:

أ- هێزێکی ٦٠ کەسی بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا.

ب - هێزێکی ٨٥٠ کەسی کە بریتی بوون لە عەشیرەتەکانی ناوچەی بارزان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- عەشیرەتی دۆڵەمەڕی ٧٠ چەکدار، بەسەرۆکایەتیی عومەر ئاغا و حەسۆ میرخان.

٢- جەماعەتی سەری مەزنا( عەشیرەتێکە لەنێوان مێرگەسۆر و ڕێزاندا، ٤ گوندن ) نزیکەی ٧٠ کەس بەسەرۆکایەتیی حارس بێداروونی و مەلا شنێ.
٣- مزووری٣٠٠- ٤٠٠ چەکدار، بەسەرۆکایەتیی سەعید خەلیل خۆشەوی.
٤- شێروانی ٢٠٠ چەکدار، بەسەرۆکایەتیی شەریف عەبدوڵلا کرکەموو و سوار ئاغا محەمەد ئەمین.
٥- هێزی بەرۆژ ١٠٠- ١٥٠ کەس بە سەرۆکایەتیی محەمەد شوکر و وەسمان ئاغا.
بارزانییەکان لەو شەوەدا پلانەکەیان ئاوا بوو:
هێزی بارزان بەرێگەی گوندی هەڤنکا کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بارزانەوە، بەرەو چیای پێرس بەڕێ کەوتن و پاش سەعات و نیوێک، گەیشتنە سەر ڕووبار و لەوێشەوە بەکەڵەک پەڕینەوە ئەوبەر و یەکسەر دەستیان بەسەنگەر لێدان کرد. ئەو کاتە هێشتا سوپای عێراق لە دینارتە بوون و ئەو ناوچانەش هیچ هێزی لێ نەبوو. هەر بەپێی ئەو پلانە هێزی بارزان بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا چوونە گوندەکانی شەهی و گریش ، کە دوو گوندی زێباریان بوون. بەشەکەی دیکەشیان لەجێی خۆیان مانەوە، بەرامبەری هێزی حکوومەت و جاشەکان. کاتێ سوپای حکوومەت لەگەڵ هێزی جاشەکاندا هاتنە پێرس کە هێزی ( زێباری، ڕێکانی، عەوڵا ئاغا، مزووری و کۆمەڵی مستۆکی و بریفکی، معاوییەی یەزیدی و عەونی مستەفا کە خەڵکی ئاکرێ بوو ) لەوێ بوون و شەڕیان نەکرد..!!. هێزی حکوومەت و جاشەکان کەوتنە



نێوان هێزی بارزانییەکان، کە بڕیار وابوو لەهەردوو لاوە دەست بەشەڕ بکەن، بەڵام سەر سووڕمان لەوەدا بوو بۆچی هێزەکەی تری بارزان لە پێرس شەڕی نەکرد..!! هەر تەنیا ئەو هێزەی مەلا مستەفا کەوتنە شەڕەوە و ئەویش هەر ناچار بوون هەوڵ بدەن خۆیان ڕزگار بکەن و هەر دەبوایە بەناو دژمندا بڕۆن و بگەنەوە بەشەکەی دیکەیان. ئەوە بوو ملیان نایە ئەو هێزە گەورەیە و زۆر بەسەختی توانیان بڕیان بکەن و بەناویاندا ڕزگار بن و بگەنەوە ئەو بەشەکەی دیکەیان و بەرەو بارزان بگەڕێنەوە. هێزی شۆڕش لەو شەڕەدا هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو ٢٠ پێشمەرگە شەهید بوو، لەنێوان ئەو شەهیدانەدا، میرزا ئاغا، مستەفا سلکی، مەلا مستەفاش خۆی بریندار بوو بوو. لەو شەڕەدا باش ڕزگار بوون، چونکە هێزی حکوومەت زانیبووی مەلا مستەفا خۆی لەو شەڕەدایە، زۆریان هەوڵدا دەرباز نەبێ و بگیردرێ. ڕەنگە لەهێزی دوژمنیش کوژراو زۆر بووبێ.
فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لەدوای شەڕەکە، یەکەمجار لە ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٦/ ٩ / ١٩٦١ بارزانیان بۆردومان کرد و یەکەمجار قوتابخانەکە بەر کەوت و شوێنەواری بۆمبارانەکەی تاکوو ئەمڕۆش پێوە ماوە. هەرچەندە بۆردومانی ئەوڕۆژە زیانێکی وای نەگەیاند، بەڵام وا دیار بوو مەبەستی بۆردومانەکە ماڵی شێخ ئەحمەد بووە کە ئەو دەمە لە قوتابخانەکەدا دەژیان. ئەو ڕۆژەش نە شێخ ئەحمەد و منداڵەکانی و نە مەلا مستەفاش لەوێ نەبوو بوون. پاش ئەوەی فڕۆکەکان هاتنەوە سەریان، ناچار بوون لەو

شوێنە دەرچن و قوتابخانەکە بەجێ بێڵن نزیکەی ٢٠٠ مەترێک دوورکەونەوە و خۆیان لەبن دارکەسیفی و دارەکانی دیکەدا بشارنەوە، دواییش بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن تا گەیشتنە گوندی ئاڤیشخۆر - ی پشت گوندی هەسنکا بە دوو کیلۆ مەتر دوای ئەوەش چوونە مێرگە سوور لە ناوچەی بارزان. ئەو ڕۆژە هەر لەبەیانییەوە تاکوو ئێواری بە فڕۆکەی میک ناوە ناوە هەر بۆردومان دەکرا کە لە بنکەی فڕۆکەخانەی کەرکووک و زیاتریش لە موسڵەوە هەڵدەسان.

ئەوەی لێرە دەمەوێ وەبیری بێنمەوە ئەوەیە کە شێخ ئەحمەد نە ئاگای لەشەڕ بوو و نە دەیشی زانی شەڕ دژی عێراق دەستی پێ کردووە. بە نیشانەی ئەوەی پێش بۆمبارانەکە بەچەند ڕۆژێ سەری لە سەربازخانەی بلە و شانەدەری دابوو، چاوی لە کشانەوەی سەربازەکان بووە و لەوێی بیستبوو کە بارزان بۆمباران دەکرێ..

لەبۆ ئەوەی شەڕەکە گەورەتر نەبێ لە نێوان بارزانیان و عێراقدا، شێخ ئەحمەد لە مێرگەسوور پەیوەندیی بە کاربەدەستانی عێراقەوە کرد بەو نیازەی شەڕ نەکرێ و لەناوچەی بارزان ڕایگەیاند بوو کە حەز لەشەڕ ناکاو نایەوێ شەڕیش بکا. ئەوە بوو لە عێراقەوە تەلەگرامێ بۆ مێرگەسوور کراو تێیدا داوا کرا بوو دەبێ ئەو خاڵانە جێ بە جێ بکرێ تاکوو دەوڵەتی عێراق لە شێخ ئەحمەد دڵنیابێ ناوچەی بارزانیش لەشەڕ دوور بن.

خاڵەکانیش ئەمانە بوون:

١- دانەوەی هەموو ئەو چەکانەی کە لە مەخفەرەکانی بلە و



شانەدەر بارزانییەکان گرتبوویان.

٢- سەربازی عێراق دەبێ بچێتە بارزان.

٣- یەکێ لە بنەماڵەی شێخ ئەحمەد بچێتە بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەتدا. ئەوەبوو ئەوەی لەو تەلەگرامەدا هاتبوو هەمووی جێ بەجێ کرا و پاش ئەوش شێخ ئەحمەد بە دوو سێ مانگ لە مێرگەسوور مایەوە، دوایی گەڕایەوە بارزان.

## بارزانییەکان و دراوسێکانیان

پەیوەندیی بارزانییەکان لەگەڵ دراوسێکانیاندا، بەتایبەتی لە گەڵ زێبارییەکاندا هەر لە مێژەوە بوو ناخۆش بوو. ئەو ناخۆشییە وەنەبێ هی ئەمڕۆو دوێنێ بێ، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر. ئەو ناخۆشیە لە نێوانیاندا زۆر جار وای لێهاتووە، بووەتە هۆی بەسەر یەکتردا دان و کوشتنی خەڵکێکی زۆر لە نێوان هەردوو لایاندا و تاڵانکردنی گوندی یەکتر. ئەمەش هەموو کاتی بووەتە هۆی سوود وەرگرتنی دوژمن و خۆشکردنی ئاگر و بەگژ یەکتری کردنیاندا. دوژمن هەموو کات هەوڵی داوە عەشیرەتەکان نەتوانن بگەنە یەکتر و یەک بگرن، ئەمەش هەردەم زیانێکی گەورە بووە لە بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان. زۆر جاریش وا بووە کە چ زێبارییەکان یان هەرکییەکان لە کاتی تەنگانەدا دەستی یارمەتییان بۆ یەکتری درێژ کردووە.

## بارزانییەکان و زێبارییەکان

بارزانییەکان و زێبارییەکان خزمایەتییان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەو دوو عەشیرەتە لە ژنەوە تێکەڵاوییان هەبووە. ئامانجیش لەو ژن هێنانە، هەر بۆ تونکردن و باشکردنی پەیوەندی سیاسیی نێوانیان بووە، بەڵام وا دیارە ئەو کارە نەبووەتە هۆی لەیەک نزیک بوونەوە و کاری نەکردۆتە سەر لەیەکتر نەکوشتنیان بەسەر یەکتریدا دانیان.

بۆ نموونە کچێکی ئاغای زێباریان ژنی شێخ ئەحمەد بوو، ژنی شێخ بابوو و یەک لە ژنەکانی شێخ سلێمان و ژنێکی مەلا مستەفا زێبارین. دایکی ئیدریس و مەسعوود و سابیر و منداڵە هوردەکانی مەلا مستەفا لە ژنە زێبارییەکەن.

ئێمە لێرە باسی هەندێ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان دەکەین، بە شێوەیەکی دی نێوان ئاغاکانی زێباری و ماڵە شێخەکانی بارزاندا. بارزانییەکان و زێبارییەکان هەرچەندە بۆیان لوابێت، بەسەر یەکدا بازیان نەداوە و کەس لە کەس خۆش نەبووە و ئەوەندەی توانیبێتیان قسووریان لە یەکتر نەکردووە.

ئەحمەدی برای مەحموودی زێباری لەو کاتەی کە بارزانییەکان، « ماڵە شێخەکان » دوور خرابوونەوە، هەشت پیاوی لە بارزانیان کوشت، هەر هەڵدەستا و دادەنیشت بە هەڕەشە دەیوت ئاوایان لێ دەکەم، شێخ ئەحمەد چی لەدەست دێ با بیکا..! منیش هەرچیم لەدەست بێ ئاوا دەکەم ئەمە وای لێهات کاری کردە سەر خودان و بە دوژمنی خۆیانیان دانا و بڕیاری تۆڵە سەندنەوەیان دەرکرد..



مەحموودی برای ئەحمەد بەو کارەی زانی، بۆ ئەوەی ڕێککەون هاتە لای خودان لە بارزان کە هێشتا ماڵەکەی خودان لە مەکتەبەکە بوو و دەڵێ ئێمە، واتە زێبارییەکان لە قسەی تۆ دەر ناچین. ئەوەی تۆ دەڵێی ئێمە دەیکەین. شێخ ئەحمەد لە وەڵامدا دەڵێ تۆ حەقت بەسەر براکەتەوە نەبێ، هاتوچۆی مەکە، ئەو دوژمنی ئێمەیە و پیاوی لێ کوشتووین، ئێمە تۆڵەی خۆمانی لێ دەکەینەوە، ئەگەریش وا ناکەی ئەوە چۆنی بە باش دەزانی ئاوا بکە..دوایی مەحموود زێباری دەگەڕێتەوە زێبار و پەیوەندی لەگەڵ برایەکەی تێک نادا و دەستیش لە گوندی « هەرنێ » هەڵناگرێ.

لە پاییزی ساڵی ١٩٦٠دا خودان ئەمر دەکا کە دەبێ تۆڵە لە ئەحمەدی برای مەحموود زێباری بکرێتەوە. ئەوە بوو عیسا، مەلا حەسەن، سەعید حاجکی چەمی بە دوای ئەحمەدا نێردرانە موسڵ. ئەو ڕۆژە وا ڕێک ئەکەوێ ئەحمەد لە موتەسەڕفییەتی موسڵ دێتە دەرێ و دەگاتە ناوچەی نادی عەسکەری، لەوێ یەکەمجار عیسا دەمانچەکەی تیا بەتاڵ دەکا، دوایش ئەوانی دی لەکۆڵی نابنەوە تاکوو دەیکوژن. بارزانییەکان ویستبوویان هەرچۆنێ ببێ خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام ڕزگار نەبوون و گیران. لە کاتی محاکەمە کردنیاندا هەر چواریان حوکمی لە سێدارەدانیان درا، بەڵام بە سایەی مەلا مستەفاوە ئەو حوکمە لە لایەن عەبدلکەریم قاسمەوە کرایە حوکمی هەتا مردن و لەدواییدا ڕەوانەی بەغدا کران، لەوێیشەوە ڕەوانەی سلێمانی کران، ئەوە بوو لە ڕێگا لە نێوان چەمچەماڵ و سلێمانیدا بە یارمەتیی پارتی دیموکراتی

کوردستان هەر چواریان خۆیان لەدەستی پاسەوانەکان ڕزگار کرد. پاش ئەوە حکوومەت زۆر بە دوایاندا گەڕا، بەڵام بێسوود بوو و نەدۆزرانەوە و خۆیان لە ناو کیشان شاردبۆوە، دواییش بەرەو بارزان هەڵاتن. بەو جۆرە ناکۆکیی نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان زۆر کۆن و قووڵە.

پەیوەندی نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات و ئەوەندە بڕوایان بە یەکتر نییە و ئەوەی لەدەستیان بێت بەرانبەر یەکتر لێی ناپەنگێنەوە.

بۆ نموونە ئەو کاتەی شێخ ئەحمەد لە بەغداوە بە فڕۆکە بەرەو بارزان، بەسەر زێباردا دێتەوە، زێبارییەکان دەیدەنە بەر تۆپ.

کابرایەکی زێباری پێش چەند مانگێک چەند پیاوێکی لە گۆرانی ناوچەی ئاکرێ کوشتبوو و ڕووی کردبووە بارزان. لەوێ وەکوو پەنابەرێک ماوەیەک لەوێ مایەوە، لەدواییدا بڕیاریدا ئەگەر ڕێگەی بدەن بچێتەوە ناو زێبارییەکان و لەوێ چارەی خۆی بکات. کە دەچێتەوە، لەوێ خەزووری خۆیشی دەکوژێ و جارێکی دی دێتەوە بارزان و لە ماڵی شێخ عەبدوڵلا دەبێت، وا دیار دەبێت کە لەخۆی وەرس دەبێ. هەر دێتە دەرەوە و دەست دەکا بە هاوار کردن و دەڵێ بمبەخشن، بەڵام خەڵکی دەڵێن گوایە پڕی داوەتە تفەنگ، ئەوجا ئایە لەبەر ئەوە بووە سبەینێ سەر هەڵگرێ و بڕوا، یان ویستوویەتی لەو کاتەدا شتێک بکا. هەرکەسێکیش بیکوشتایە ئەوە بەرپرسیار نەدەبوو. لەو کاتەشدا شێخەکان لەو دەوروبەرە دەبن و بانگ دەکەن کە کەس تخونی نەکەوێت



و ئیتر ئەویش ڕزگار دەبێت. لەوێ دادگایەکی ئاسایی بۆ دادەنێن ولێی دەپرسن کە بۆچی ئاوای کردووە، چیت دەویست بیکەی، ئەویش هەر دەیگوت بۆ خاتری ئەو مەرقەدەی شێخی بارزانە لێم ببوورن، بەڵام خەڵکی هەر بەچاوی ئەوە تەماشایان دەکرد کە زێبارییە و ددانیان لێی جیڕ کردبۆوە، لەبەر ئەوەی پەنای بۆ خودان هێنابوو، ئەگەر نا دەیاندایە بەر گوللە. ئەو کابرا زێبارییە هەر دەیوت بمبەنە لای شێخ عوسمان، ئەوانیش نەیاندەبرد، چونکە لەو کاتانەدا ناخۆشی لە نێوان بنەماڵە بارزانیاندا زۆر توند بوو. یان دەیوت بمبەنە لای محەمەد خالید لە مێرگەسوور، چونکە لای ئێوە هیچ شتێک ناڵێم، یان ئەوەتا شێخ عوسمان، یان محەمەد خالید محاکەمەم دەکەن، ئەگەر نا لای ئێوە هیچ نادرکێنم. شێخەکان دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە باشتر وایە پێش هەموو شتێک لە بارزان دوور بخرێتەوە، نەوەکوو بە قەسە ڕەوانە کرابێت بۆ ئەوەی دەست بوەشێنێ. بۆیە هەستان بردیانە - بلە - و لەوێیشەوە بەرەو مێرگەسووریان ڕەوانە کرد.

پیاوێک لە زێبارییەکان یەکێک دەکوژی و دێتە بارزان، لەوێشەوە دەچێتە مێرگەسوور. لەپاش چەند ڕۆژێک خاوەن خوێنەکە دێتە مێرگەسوور و دەچێتە لای محەمەد خالید و بەدوای پیاوکوژەکەدا دەگەڕێ، ئەویش لەپێشیدا محاکەمەی دەکا و لە خاوەن خوێنەکە داوا دەکات کە تەنها داوای کوشتن نەکات، ئیتر هەرچی بڵێن بە پیاو کوژەی دەکەن.

## بارزانییەکان و لۆلانییەکان

پەیوەندیی ئەو دوو عەشیرەتە کوردە هەندێ جار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لە یەکتری بکوژن و بەسەر یەکتردا بدەن. بۆ نموونە ساڵی ١٩٥٩ لۆلانییەکان دژی حکوومەتی عەبدلکەریم ڕاپەڕین، لەو کاتەدا بارزانییەکان پەیوەندییان لە گەڵ عەبدولکەریم هەبوو، لەولاشەوە هەوڵی کوژانەوەی ئەو ڕاپەڕینەیان دەدا. ئەوە بوو بارزانییەکان بەسەرۆکایەتیی لوقمان، لە پاش ئەوەی لەکی - مقاومە الشعبیە - ی درایە، هەڵیان کوتایە سەر لۆلانییەکان و زۆر بە ئاسانی عەشیرەتی لۆلانیان لەناوچەکەی خۆیان هەڵکەند و ڕوویان پێ کردنە باکووری کوردستان. ئەوە بوو کەس زیانی لێ نەکەوت، چونکە بارزانییەکان لەبەر بەرژەوەندیی دوارۆژی خۆیان نەیاندەویست زیانیان لێ بدەن. لەدواییشدا ڕوویان کردە - کانی ڕەش - کە بەدەست لۆلانییەکانەوە بوو، ئەویشیان لێ سەندنەوە و ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێ هات.

## بارزانییەکان و ڕێکانییەکان

لەبەر ئەوەی ڕێکانییەکان بە پشتیوانی حکوومەتەوە شەڕیان بە بەرزانییەکان ئەفرۆشت و دەیانویست دەستیان لێ بوەشێنن، بۆیە شێخ ئەحمەد لە پاییزی ١٩٦٠دا بڕیاری دا بەسەریاندا بدەن. هێزی بارزانییەکان نزیکەی ٥٠٠ چەکدار بوون بە سەرۆکایەتی عومەر ئاغا و حەسۆی میرخان و حارسی بێداروونی، ڕوویان کردە ناوچەی ڕێکانییەکان. هێزی ئەمانی بە هیچ جۆرێ نەیتوانی خۆی لەبەر هێزی



بارزانییەکان ڕابگرێ و زیانێکی زۆریان لێ کەوت و چەند گوندیان لێ سوتێنرا، لەکاتی شەڕدا شێخ ئەحمەد خۆی بە دووربین سەیری شەڕی دەکرد. خودانی بارزان مەبەستی زەرەر لێدانی خەڵکی ڕێکان نەبوو، هەر ئەوە نەبێ ڕقی لە ئاغاکانیان بوو و ئەوەی پێی بکرایە دژی ئەو ئاغایانە دەستی نەدەگێراوە. ئامانجی ئەو شەڕە سوتاندنی چەند گوندێک بوو، بەڵام بووە هۆی کوشتارێکی زۆریش لە ڕێکانییەکان. لە گوندی - کیریا درێ - نزیکەی ٤٢ کەسیان لێ کوژرا. لەو کاتەدا یەکێ لەو گوندە دێتە دەرەوە و دەبینێ ئەو هەموو مەیتە کەوتووە، دوایی گوێی لە زمانێک دەبێت کوردی نەبوو، تومەزە بارزانییەکان لە نێوان خۆیاندا بە ڕووسی قسەیان دەکرد و وتوویانە چاک تۆڵەیان لێ بکەنەوە، ئەو پیاوەیش وای زانیوە میللەتێکی دیکە بەسەریاندا داون. لەشەڕەکەدا سەرۆکی هێزی ڕێکانییەکان - تەیار - دەکوژرێ. بە قسەی بارزانییەکان هەرچەند بڵێی کابرایەکی ئازا و چاو نەترس بووە و لەچاوی مار نەگەڕاوەتەوە. بارزانییەکان هەوڵی گرتنی دەدەن، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێ خۆی ناداتە دەستەوە، بۆیە ناچار دەبن شەڕی لەگەڵ بکەن، لەو کاتەدا حاجی بیرۆخ کە سەر بە بارزانییەکان دەبێ، ئەویش پیاوێکی ئازا و بە جەرگ ئەبێ، دەسووڕێتەوە و دەرفەتی لێ دەسێنێ و برینداری دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی ناداتە دەستەوە. بە بەتانییکی سەربازیی دەیپێچنەوە و دەیبەنە مەخفەرێک. پاش ئەوەی هێزی عێراق تێ دەشکێ، واش ڕێک دەکەوێ کە حاجی بیرۆخ تەیاری ڕێکانی بە برینداری دەبینێ و پێی

دەڵێ زۆر شەرمە بۆ تۆ ئاوا لێرە بە برینداری کەوتووی، ئیتر دوای ئەوە لەگیانی دەکا. بارزانییەکان لەو شەڕەدا چەکێکی زۆریان دەست کەوت. چ لە ڕێکانییەکان، چ لە هێزی عێراق. هەر هەمووشیان بردە بارزان.دوایی زۆربەی خەڵکی گوندەکانی ڕێکان هانایان دەبردە بەر سەرۆکی هێزی بارزانییەکان تا پەنایان بدات، بە تایبەتیش ڕیش سپییەکان کە دەیانوت ئاگامان لەو هەراو بەزمە نییە و هەموو لەسەر پیاو ماقوڵانی ئێمەیە. دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە ڕێکانییەکان لەو شەڕە دوو دەستە دەبن، دەستەی - مشارە دێم - کە بەسەرۆکایەتیی تەیار بوو، کە ئەو بەشە بوون ئارەزووی شەڕیان لەگەڵ بارزانییەکان هەبوو و شەڕیان لەگەڵ کردن. دەستەی دووەمیش - مشارەی ئاویی - کە نەیاندەویست شەڕ لەگەڵ بارزانییەکان بکەن. وا دیاریش بوو ئەو لایەنە بووە هۆی ئەو زیان لێ کەوتنەیان.

## ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی بارزانی

لەپاش مردنی شێخ ئەحمەد ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی بارزانیدا دەستی پێ کرد. چونکە خودان پێش مردنی کەسی نەکردبووە وەکیلی خۆی کە کاروباری ناوچەی بارزان هەڵسووڕێنێ. بە پێی ڕەوشتی کوردەواری دەبوایە کوڕە گەورەکەی ببێتە جێگری، بەڵام شێخ ئەوی دا نەنا، چونکە دڵی بە محەمەد خالید ئاوی نەدەخواردەوە، لەبەر دڵڕەقی و توند و تووڕویی. نەشدەکرا عوسمان لە جێی خۆی دابنێ چونکە ئەویش ئەوە نەبوو ئەو بارە هەڵبگرێ. خۆ باسی نەزیر



هەر ناکرێ ئەوەندە حەلیم بێ زەڕ و دوورەپەرێز بوو. بەڵام لە بنەماڵەی بارزاندا پیاوی ئاوا هەبوون کە شایانی ئەو شوێنە بن. خۆ ئەگەر مەلا مستەفای لێ دوور بخەینەوە، کە لەبەر سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و دوور لە بارزان، دەکرا شێخ سلێمان بکرێتە گەورەی بارزان، بەڵام شێخ ئەحمەد وا دیار بوو ئەوەشی نەکرد. لەبەر ئەوەی دەترسا سەرۆکایەتیی بارزان لە دەست بنەماڵەکەی خۆی دەرچێت، ئەگەر چی خەڵکی زۆر زۆریان پێ خۆش بوو، چونکە شێخ سلێمان پیاوێکی دنیا دیتە و بە ویقار و لێهاتوو بوو.

## دەسەڵاتی عوسمان

دوورخراوەکانی بارزان نزیکەی ١٥٠ کەسێک دەبوون کە لە خوارووی عێراق و لە شاری بەسرە نیشتەجێ کرا بوون. هەر یەکە و لای خۆیەوە هاتوچۆی لای متەسەرڕفی بەسرەی دەکرد کە ( جەمال عومەر نەظمی ) بوو. ئەوە وای کردبوو کە کارێکی گەورە بکاتە سەر پەیوەندیی نێوان بارزانییەکان خۆیان. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بڕیار درا لیژنەیەک لە سادقی شێخ بابوو، عوبەیدوڵڵای مەلا مستەفادرووست بکەن. ئەو کارە زۆر بەدڵی شێخ ئەحمەد بوو، چونکە ئەو خۆیشی لە گەڵ دوورخراوەکان لە بەندیخانەی شاری بەسرەی عێراق بوو. بۆ ئەوەی لیژنەکە نوێنەری هەموو لایەکی تێدا بێت و کاروبار باشتر و ڕێکوپێکتر جێ بە جێ بکرێت، چەند کەسێ بە باشیان زانی یەک لە کوڕەکانی شێخ ئەحمەدیشیان لەگەڵدا بێت. ئەوە بوو

محەمەد خالید هەڵبژێردرا، بەو سیفەتەی کە کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەد بوو، بەڵام ئەوە هەبوو کە خەڵک لە محەمەد خالید دەترسان چونکە پیاوێکی دڵڕەق و توند و تووڕە بوو. بۆیە چوونە لای شێخ ئەحمەد و تکایان لێی کرد کە محەمەد خالید نەبێتە ئەندامی ئەو لیژنەیە. دوای خودان ئەوە دەزانێ پێی دەڵێ دانیشە و واز لە کاری ئەو خەڵکە بێنە. ئیتر لەجیاتی ئەو عوسمان دادەنێن لەو لیژنەیە، کە بریتی بوون لە ( محەمەد سادق، عوبەیدوڵڵای مەلا مستەفا، عوسمان شێخ ئەحمەد ) ئەمە زۆر دەوامی نەکرد چونکە محەمەد سادق لەڕێگەی بلەوبارزان جێبەکەی وەرگەڕا و مرد، عوبەیدوڵڵاش دوور خرایەوە، چونکە بەوە تاوانبار کرا کە دژی بارزانییەکان دەستی لە گەڵ حکوومەتی عێراقدا هەیە. ئەوەی مایەوە عوسمان بوو، ئەو تا توانی درێژەی بە کارەکەی خۆی دا هەتا پاش گەڕانەوەیان بۆ بارزان و پاش مردنی خودان، هەر ئەوەش بوو بە بەڵگە و عوسمان هەموو کاتێک بەکاری دەهێنا و بەڕووی ناحەزانی دەدایەوە کە گوایە شێخ ئەحمەد ئەوی کردۆتە جێگری خۆی و کەسی دیش لەو زیاتر مافی سرکردایەتیی و گەورەیی نییە لە بارزاندا.

## عوسمان و بەڕێوەبردنی کاروبار

لە دەوروبەری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩وە تا دەوروبەری حوزێرانی١٩٧٣، لەپاش مردنی شێخ ئەحمەد، عوسمان کاروباری بارزان و ناحیەی بارزان و هەندێک لە ناحییەی مزووری باڵای گرتە دەستی خۆی و خەڵکی ئەو ناوچانەش



وەکوو سەردەمی شێخ ئەحمەد زەکاتیان دەدایە عەمبار و بارەداریان بۆ ماڵی عوسمان دەهێنا و خزمەتی ماڵی عوسمان و تەکێ و هتد.. دەکرد بۆ شکات یان کارێ دەهاتنە لای عوسمان و پرسیان پێ دەکرد و ڕاسپاردەکانیان دەگەیاندە جێگەی خۆی، ئەویش ئەوە لەکاتی شێخ ئەحمەد دا دەکرا، لەبۆ میللەت دەیکرد، تاڕادەیەکیش کەس نەبوو بە قسەی بنەماڵەی بارزان لە قسەی دەرچووایە و هەر کارێ ئەنجام درایە دەبوایە پرس بەو بکرایە.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە باسی دیوەخانی عوسمان بکرێت بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک خەڵک بە عوسمانەوە بەستراوەتەوە. من خۆم پاش ئەوە لە گەلاڵە دووریان خستمەوە بۆ بارزان، ئێوارەیەک منیش لەگەڵ خەڵکدا لای عوسمان ئامادە بووم، چونکە عادەت وا بوو و ڕەنگیشە هەر ئەوە بووبێ کە لە کاتی شێخ ئەحمەد بوو کە هەموو ئێوارانێ پاش عەسر جێگە خۆش دەکرا و حەسیر ڕادەخرا و سەماوەر گەرم دەکرا، لە نێوان دیواری ماڵی شێخ ئەحمەد و تەکێدا، چەند کورسییەک دادەنرا لە بۆ عوسمان و میوانەکانی کە وەکوو من و هی تر.. خەڵکەکەش هەموو لە تەنیشت یەکتری دادەنیشتن و خەڵکێکی زۆر دەڕشانە ئەوێوە، چاوەڕوانی عوسمان دەکرا کە لە دەوروبەری سەعات شەش لە حەوشەوە دەهاتە دەرەوە و بە پێپلیکەکانی دەرگەی ماڵەکەی شێخ ئەحمەد دا دەهاتە خوارەوە و یەکێک بە دەنگێکی تاڕادەیەک بەرز دەیوت هات. هەموویان لەجێگەی خۆیان ڕاست دەبوونەوە بە پێوە دەوەستان. ئەویش تێپەڕ دەبوو و دوو سێ

نۆبەتداری بە دواوە بوو، کە چوست و پۆشتە و پڕ چەک بوون کە کلاشینکۆف بوو و چەند دەستەیەک فیشەک لەپشتیان و چەند نارنجۆکێک بە تەنیشتیانەوە کردبوو. یەکێکیان کابرایەکی بەژن درێژ بوو. ئیتر تا دەگەیشتە سەری کورسییەکان و دادەنیشت، خەڵک بەخێرهاتنی دەکرد.

پاش ئەوەی عوسمان بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و لە ئەحواڵیان دەپرسێ، دێتە سەر ئەوەی لە خەڵک بپرسێ، کە فلان کێیە و چ حاڵە و لە کوێ هاتووە و ناوی چییە و فلان دیار نییە و یان چەند ڕۆژە لە کوێیە و چەند ڕۆژە دیار نییە و هتد. ئەوانەش لێیان دەپرسێ، هەر دەڵێن ئەز خولامی تەمە، یاشێخ لە سایەی سەری تۆوە.. هەرشتێک هەبێ ئەوە بە عوسمان دەگەیەنن و ئەویش بە پێی بڕوای خۆی قسەی لەسەر دەکا. لەو ماوەیەیشدا چای دەدرێتە خەڵک، کە لە پێشا چای بۆ عوسمان و دوای میوانەکانی لای و ئەمجا پیاوە گەورەکان و دوایش خەڵکەکە. پیاڵەکەی عوسمان کەمێ گەورەترە و تایبەتییە و هەر لەوەدا چای بۆ دێنن. کە دایدەنێن تا هەندێ سارد بێتەوە، ئەوجا بە دوو فڕ تەواوی دەکا.

قسەکانی دیی دانیشتووان لەسەر بارودۆخی ڕۆژانەیە. باسی ئەوە دەکرا کە حکوومەتی عێراق چەند مەلایەکی لەگەڵ سیخوڕەکاندا بەو ئاواتە ناردووە کە مەلا مستەفا لەماڵی خۆی بکوژن. ئەوسا عوسمان بە تەوسەوە دەیوت با مەلا مستەفا ئاوا لە مەلایان نزیک بکەوێتەوە هەتا ئاوای لێ بکەن.زیاتریش هەموو کاتێ لە دانشتنەکانی تردا دەیوت هێز نییە بتوانێ بارزان لەناو ببات، بارزان هەر هەبووە و دەبێ.



## تەقەلای چاککردنی ناکۆکی

پاش ئەوەی عوسمان کاروباری بارزانی خستە ژێر دەستی خۆی، ناکۆکی دەستی پێ کرد. هەرچەندە هەموو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەو ناکۆکییە بە خۆشی نەهێڵن. ئەوەی ڕاست بێ زانیاریی من لە بارەی هەوڵی چاککردنی پەیوەندی نێوان عوسمان و مەلا مستەفا، زۆر کەمە و زیاتر لەوە نییە کە خەڵک دەیزانی چونکە ئامانجی ئەو چەند کۆبوونەوەی کە کران و نەگەیشتنە بڕیارێک، بە نهێنی لە نێوانیاندا مایەوە و کەسی دیکە بە دووروودرێژی لێی نەدەزانی. من بە پێی توانا هەوڵم دا شتێک بزانم، ئەوە لە دوایدا باسی دەکەم. بێگومانم هەیە لەمن باشتر دەزانێ و ڕەنگیشە ڕۆژێک یەکێک لە بنەماڵەی بارزانی خۆی باسی بکات!. بێجگە لە بنەماڵەی بارزانی، باوەڕم وایە هی دیکەش هەن لەو بارەوە شت دەزانن دەربارەی ئەو ناکۆکییەی نێوان مەلا مستەفا و عوسمان. بە بڕوای منیش هەر لەسەر حوکم کردنی بارزان نییە، بەڵکوو ڕەنگە پەیوەندیشی بە جیاوازیی هەڵوێستی هەردوولایانەوە هەبێ بەرانبەر بە شۆڕشی کوردستان و عێراق !. هەڵوێستی شێخ ئەحمەد لەپاش گەڕانەوەی لە دوورخستنەوە لە ١٩٥٨دا بۆ ناوچەی بارزان، ڕەنگە بڕیاری وابێ ئیتر شەڕ لەگەڵ عێراقدا نەکات و بارزانیان لەوە زیاتر نەخەنە تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی و ماڵوێرانی و دوورخستنەوەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستانیش پاش کودێتاکەی ساڵی ١٩٥٨ کەوتە قۆناغێکی

ترەوە و لە ڕووی سیاسی و عەسکەریشەوە ئەو گۆڕانە لە توانای بارزانییەکاندا نەبوو کە بتوانن هەڵی بسووڕێنن. هەر بەو شێوەیە سەرەڕای بارزانییەکان خەڵکی هەموو ناوچەکانی تری ئەو بەشەی کوردستان بەشدارییان تیا کرد شێخ ئەحمەدیش لەودا نەبوو بتوانێ سەرکردایەتیی بکات، ڕاستە ئەو لەناوچەی بارزان هەموو شتێک بوو، حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام وەکوو مەلا مستەفا لە کوردستاندا بەناوبانگ نەبوو کە هەموو خەڵک بەسەرۆکی خۆیان دابنێن.

شێخ ئەحمەدیش پیاوێکی زۆر خۆشەویست بوو لای عەبدلکەریم قاسم و زۆر بڕوای پێ بوو. چونکە بارزانییەکان زۆر جار دژی زوڵم و زۆری بێگانە بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر چەک و لەبەر ئەو هەڵوێستە دوور خراونەتەوە. پیاویان لێ کوژراوە، ماڵیان وێران کراوە. عەبدلکەریم قاسم لە پاداشتی ئەوە مانگانەی بۆ بارزانییەکان بڕیوەتەوە، وا بزانم هەر ماڵێ مانگی ٣٠ دیناری هەبووە، بێ شک هی شێخ ئەحمەد زیاتر بووە. شێخ ئیسماعیل هەتا ١٩٧٣ش ئەو مانگانەیەی لەبۆ دەهات. عوسمان لەدەوروبەری ٢٠٠دینارێکی بۆ دەهات، سەرەڕای ئەوە بڕیار بوو ٥٠٠ تفەنگێ بدەنە بارزانییەکان بۆ پاراستنی ناوچەی خۆیان. بۆیە عوسمان نەیدەویست ئەو پەیوەندییە لەگەڵ عێراق تێک بدات. لە هەمان کاتدا پەیوەندی و تێکەڵاوی لە گەڵ شۆڕشی کوردستاندا هەبوو و کەمتەرخەمیی نەدەکرد لەو کارانەی پێی دەسپێردرا و لەدوای شێخ ئەحمەد ئەو بە جۆرێکی دیکە لە شۆڕش و بارزان دەگا. وەنەبێ بەچاوی دوژمنایەتی سەیری شۆڕش بکا و چەکی



بەرانبەری هەڵگرتبێ، بەڵکوو گلەیی دەکا و دەڵێ: نابێ ئەو کەسانەی کە لەکاتی تەنگانەدا هیچیان بۆ شۆڕش نەکردووە، ئەمڕۆ بیانکەنە کاربەدەست و پارە و چەکیان بدەنێ. یان دەیوت دوژمنی بارزانیان زێبارین، بۆیە نابێ هیچ کاروبارێکی شۆڕش بەوانە بسپێردرێ. زۆریش ڕقی لەوە دەبۆوە کە زۆبێری زێباری پێشمەرگەیە و کاربەدەستە لە گوندەکانی زێباردا. نابێ دڵسۆزانی شۆڕشی کوردستان ئەمڕۆ بخرێتە ژێر دەستی گەورەترین دوژمنی بارزانیانەوە، ئەیوت من ئەوە ناکەم و زێبارییەکان دوژمنن. ڕەنگە لێرەدا مەبەستی ئیدریس و مەسعوود بێ کە دایکیان زێبارییە و ڕۆژ بەڕۆژ کاروباری شۆڕشیان زیاتر دەکەوێتە بەردەست. مەلا مستەفا بارزانییەکانیتر دوور دەخاتەوە و ئەوانە بە شت دەزانێ. دواییش پیشانی دەدا کە مەبەستی مەنسەب نییە بەڵکوو وەکوو هەر کوردێکی دڵسۆزە کە بە دڵ و گیان لەگەڵ شۆڕشدایە.

ئەوە بوو زۆر کەس هەوڵی دا کە مەلا مستەفا و عوسمان پێک بێنێتەوە، بەڵام هیچیان سوودی نەبوو و نەگەیشتنە ئامانج..

### ١- شێخ بابوو

یەک لەو کەسانە بوو کە لەبۆ پەیوەندی کردن و ئاشتیی لە نێوان مەلا مستەفا و عوسماندا لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی بیستی مایسی ١٩٧٢ لە ڕێزانەوە هاتە بارزان و چووە لای عوسمان بەو ئاواتەی پێکیان بێنێتەوە، چونکە حەزی نەدەکرد ئەو ناکۆکییە لە گەڵ مەلا مستەفادا بمێنێ. هەموو

کەس و کاری یەکترین و زۆرم پێ خۆشە پێکەوە بچینە مێرگەسوور و لگەڵ مەلا مستەفادا قسە بکەین. مەلا مستەفا شازدەی مانگی شوباتی ١٩٧٢ هاتبووە ئەوێ، بەڵام عوسمان بە شێخ بابووی وتبوو، ئێوە بە منتان وتووە دانیشە، منیش وا دانیشتووم، چیتان لێم دەوێ. شێخ بابوو هەرچەندە هەوڵی دابوو عوسمانی پێ ڕازی نەبوو بوو لەگەڵی بچێتە مێرگە سوور. لە ئەنجامدا شێخ بابوو داوا لە عوسمان دەکا بە وەکیلی خۆی دا بنێ، ئەویش وتبووی باشە.

٢ـ هاتنی مەلا مستەفا بۆ ڕێزان لە بیست و سێی مانگی مایسی ١٩٧٢. یەک لە ئامانجەکانی پێکهاتنەوە بوو لەگەڵ عوسماندا. پێش ئەوەش بە دوو ڕۆژ لە مێرگەسوور بوو لەلای محەمەد خالید قسەیان لەسەر ئەم کارە کردبوو.لەوێیشەوە دەگاتە ڕێزان. واتە لە بیستو دووی مانگی مایس خەڵکێکی زۆر خڕ دەبنەوە، لبۆ مەولوود و دیتنی مەلا مستەفا. ئەوجا دەگاتە بارزان و لەماڵی مەزهەری کوڕی جەمال میوان دەبێ. شەوی بیستوپێنج بنەماڵەی بارزانی لە ماڵی شێخ سلێمان خڕ دەبنەوە و دەچن بە دوای عوسماندا و ئەویش دێ، لەپاش قسەکردنێکی زۆر، قسەیان یەک ناگرێ و پێک نایەنەوە و هەر کەسە دەچێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام بەدوورو درێژیش نازانم لەو کۆبوونەوەدا چیان وتووە، بەڵام شکم لەوە نییە کە ویستوویانە عوسمان واز بێنێ و بەقسەی مەلا مستەفا و محەمەد خالید هەڵبسێ و دابنشێ.

٣ـ پاییزی ١٩٧٢ هەر بۆ ئەو کارە عەلی سنجاری هاتە لای عوسمان. وا دیار بوو بەقسەی مەلا مستەفا هاتبوو،



جارێکیش مەسعوود چووبووە لای عوسمان، کە کاتێ نەخۆش بوو، بە قسەی عیماد، دەستەسرێکی پڕ لە پارەی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ عوسمان. بەڵام ئەو ڕەتی کردبۆوە و وەری نەگرتبوو. ڕەنگە ئەویش هەر باسی ئەو کارەی کردبێ.

## بێدەسەڵاتکردنی عوسمان

ئەگەر چی عوسمان بۆ ماوەی چوار ساڵێک حوکمی بارزانی کرد، بەڵام لەڕاستیدا نەیتوانی لەو ماوەیەدا سەرنجی میللەتەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت تاکوو بەلای بنەماڵەی بارزانیدا لانەدەن. خەڵکی ڕێزێکی زۆری لە شێخ ئەحمەد دەگرت، چارەکێکی ئەو ڕێز لێگرتنەیان بۆ عوسمان نەبوو، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە عوسمان بە ڕەسمی لەلایەن خودانەوە نەکرابووە جێگیر.. وەکوو خەڵکیش دەڵێن، بەڕەزامەندیی هەموو لایەکی بنەماڵەی بارزانیش نەبوو بوو. بەڵکوو دەیانگوت عوسمان حوکمی داگیر کردووە و بە زۆری خۆی سەپاندووە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەر لەو ڕۆژەوە شێخ ئەحمەد مرد، تا لە پێ خستنی عوسمان، بنەماڵەی بارزانی درێغییان لە هەوڵدانی لەدەست دەرهێنانی حوکم لە دەستی عوسمان نەکرد. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە، ئەمانەی خوارەوە کران:

### ١ـ لەشکر هێنانە سەر بارزان

ناکۆکی حوکم لەنێوان عوسمان لەلایەک و محەمەد خالید و مەلا مستەفا لەلایەکی ترەوە، ئەویش لەپاش ئەوەی کە

هەرچەندیان کرد نە بە ئاشتی و نە بە قسەی خۆش نەیانتوانی پێک بێن و هەر یەکە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بوو. عوسمان خۆی بە گەورە دەزانی، کە گوایە کاروباری بارزانی لەلایەن خودانەوە پێ سپێردراوە و بۆ ئەوەش پشتی بە ئەندامێتی خۆی دەبەست لە لیژنەکەی بەسرەدا. ئەوانی دیکە ئەو مافەیان پێ نەدەدا، ئەگەر چی مجەمەد خالید لەو گەورەتر بوو، بەپێی عادەتی کوردەواریش، کوڕە گەورە جێگای بابی دەگرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە تاوانباریان دەکرد کە دەستی لەگەڵ حکوومەتی عێراق تێکەڵە ئەوە بوو لە پاییزی ١٩٧١ دا لەشکرێکی گەورەیان ناردە سەر بارزان یان ڕاستتر بڵێین سەر عوسمان. لە ئەنجامدا عوسمانیان چەک کرد و پیاوەکانیان پەرت و بڵاو دا. ئەوە زۆر کاری کردە سەر عوسمان و وای لێ دیار بوو کە گەیاندوویانەتە سەر یەسقان. هەموو جارێ لە بێوەخاندا دەیگوت ئەوانە قودسییەتی بارزانیان شکاندووە، کەس هەیە بەچەکەوە بێتە سەر یەکێ لە هەرە دڵسۆزەکانی بارزان!.

**٢- نوێنەرەکان**

دوای ئەوە هەر لایەک نوێنەری خۆی لە بارزاندا قیت کردەوە. ئامانجی هەرە گەورەی ئەو هێرشەی سەر عوسمان، دەرهێنانی حوکم بوو لەدەستی عوسمان.. ئەمانە نوێنەرەکاینان بوون:



**١ - نوێنەری مەلا مستەفا لەبارزاندا**

نوێنەرانی مەلا مستەفا لە بارزاندا، وەحید و شەفیع و شێخ عەبدوڵلا بوون و هەرسێکیان پێکەوە کاریان دەکرد. ئەو لیژنەیە لە مانگی هەشتی ١٩٧١ دا دامەزرا، مقەڕەکەیان لە - بلە - بووئامانجیان هەڵسووڕاندنی کاروباری شۆڕش بوو بەناوی مەلا مستەفاوە لە ناوچەی بارزاندا. وەکوو ناندان و جێگە پەیداکردن بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەچوونە گەلاڵە و حاجی ئۆمەران. یان ئەوانەی لەوێوە دەهاتنەوە و دەچوونە ناوچەی ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ، هەروەها ناونووسینی ئەو خەڵکانەی کە لەناوچەی بارزاندا دەیانەوێ ببنە پێشمەرگە. مەرج نەبوو هەموو ڕۆژێ بچنە مەقەڕ، بەڵام ئەوە هەبوو دەبوایە هاتوچۆی عوسمان نەکەن، کە ئەوەش ئامانجی هەرە گەورەی لیژنەکە بوو. هەموو مانگێکیش هەر یەکوو پێنج دیناری لە مەقەڕ وەر دەگرت. سێ ئەندامەکە هەریەکەو مانگی ١٠٠ دیناری بۆبڕابۆوە. لیژنەکە هەموو ڕۆژێ بەیانیان سواری جێبێک دەبوون و دەچوونە مەقەڕ. ئێوارانیش سالدانە سالدانە دەهاتنەوە. ئەندامەکانی ئەو لیژنەیە ئەو ئەرکەیان گەلێ پێ گران بوو. ئەگەر لەبۆیان هەڵسوڕایە ئەوە ئەو سەرئێشەیەیان لەکۆڵی خۆیان دەکردەوە، لەهەمانکاتدا دەیانزانی بوونی ئەولیژنەیە سوودی نییەزۆر جار وەحید ئەوەی دەدرکاند، کە ئەوە جێگەی ناڕەزایی عوسمان و بارزانییەکانە.

## ب ـ نوێنەری محەمەد خالید لە بارزان

محەمەد خالید خۆی لەمێرگەسوور دەژیا و ئەوێی بەرنەدەدا و نەدەگەڕایەوە بارزان بۆ ئەوەی لەجێگەی باوکی دانیشێ، وەکوو مەلا مستەفا، مەزهەری کوڕی جەماڵی کردووە وەکیلی خۆی و لە دڵڕەقی و تووڕەیی و توندو تیژیدا هیچی لە محەمەد خالید کەمتر نەبوو، بەپارەش لەگەڵ خەڵک قسەی نەدەکرد. بابی خۆیشی خەڵک هاتوچۆی دەکرد. من بەش بەحاڵی خۆم ئارەزووم نەدەکرد ئێوارەیەک بچمە دیوخانەکەی کە لەسەر بەرزایی ڕۆژهەڵاتی بارزان دروستی کردبوو. ئەو ماڵە هەر خانەخوێی مەلا مستەفا بوو، هەر کاتەو دەهاتە بارزان، لەوێ میوان بوو. ئەو سەردانەی مەلا مستەفا کە لە ١٦ مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٢دا، یەکسەر چووە ماڵی جەمال، پێش ئەوەی بگاتە بارزان، لەسەربان دۆشکە و تەیارەشکێنیان دابەست. وەکوو خوانەکەردە فڕۆکەی عێراقی بۆردومانی بکا.

## ج ـ نوێنەری حکوومەتی عێراق

لەبارزاندا بەناو، هەموو دەزگاکانی حکوومی هەبوون، لە مدیر ناحیە، کاتب ناحیە، معاون شرطە، شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵ، پۆست، نەخۆشخانە، هتد.. دەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەرانەیش بێجگە لە سەر مامۆستایان و مووچەخۆرەکان، هیچ قسەیان لای خەڵکی ئاسایی نەیدەخوارد و کەسیش هاتوچۆی نەدەکردن. بەڵکوو هەر بەناو بوون. هیچ ڕۆڵێکیان لە پشتگرتنی عوسماندا نەبوو



کاتێ دەسەڵاتی لە دەست دەرهێنرا. ڕەنگە جاروبار مدیر ناحیە کتابی بۆ (متصرف) پارێزەر بنووسایە لە ئاگادار کردنەوەیان لە سەر باری بارزان..

## عوسمان لە دواڕۆژەکانی حوکمدارییدا

ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلاو دژایەتییەی کە لە پێشەوە باسمان کرد، هەموو بوونە هۆی ڕووتاندنەوەی عوسمان، چ لەباری دەسەڵاتداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بگرە ڕێز لێگرتنی و هتد.. وا هەوڵ دەدەین لەمە بەدواوە باسیان لێوە بکەین:

ئەمڕۆ عوسمان دەسەڵاتی نەماوە و کەسیش ناچێتە لای بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبار و پرس پێکردن و پێکهاتنەوە. خەڵک لەوە گەیشتوون کە عوسمان هیچی بەدەست نییە و دەسەڵاتی نەماوە.. حاڵم بە حاڵی ئەوانە نەبێ کە خوانەخواستە لەبۆ کارێک دەچنە لای عوسمان،! بۆچی لەدەستی محەمەد خالید و ئەوانی دیکە ڕزگار دەبن!!.

عوسمان لەبێکاری و تەنهایی وای لێهاتووە پڕ دەباتە هەموو شتێک. بۆ نموونە میری چەند مانگێک خەریکی هەڵکەندنی بیرێکی ئیرتووازی بوو لە بەرانبەر ماڵی شێخ ئەحمەد.. ئەو بیرە هەر بەمڕۆو سبەی تەواو نەدەبوو.. ئەمڕۆ مەکینەکە شکاوە!. سبەینێ بیرهەڵکەن ڕۆیشتۆتەوە.. دوو سبەی بەنزین و ڕۆن و گریس نەماوە.. ڕۆژێکیان عوسمان لەماڵ هاتدەرەوە و بۆ کابرای بیرهەڵکەن چوو، هەتا هێزی بوو زللەیەکی پیا سراوان و دەستی کردە هەرا هەرا بەسەریەوە، کابرا زۆر کەوتە شەرمەوە و لە بێدەسەڵاتیدا ملی ڕێگەی بلە

ی گرت و لەوێیشەوە بەرەو هەولێر. ئیتر ببڕای ببڕ جارێکی دیکە چاوی بە بارزان نەکەوتەوە.

وە نەبێ عوسمان هەر لەبارزاندا بێدەسەڵات کرابێ، بەڵکوو لەدەرەوەی ئەو ناوچانەش ئەو ڕێزەی نەمابوو. هەر وەکوو باسمان کرد مانگانەیەکی لە لایەن عێراقەوە بۆ بڕابۆوە، کە دەورو بەری ٢٠٠ دینارێک دەبوو. هەموو مانگێکیش بە پۆست لیستی پارەکەی بۆ دەهاتە بارزان، ئەویش دەینارده خەزینەی مێرگەسوور و لەوێ ئەیاندایە. جارێکیان وا ڕێککەوت ئێمەش لیستی مانگانەمان بۆ هاتبوو و دەبوایە بچووینایەتە مێرگەسوور. وا بڕیار درا من بچم. عوسمانیش داوای لێ کردم کە لەگەڵ خۆمدا ئەوەی ئەویش ببەم و بۆی وەر بگرم. کەچووم، پارە لەخەزینەی مێرگەسوور نەمابوو، ناچار لەوێوە چوومە ڕەواندووز، بۆ ئەوەی لەوێ وەری بگرم، لەوێیش وتیان دەبێ قایمقام ڕازی بێ، ئەوسا دەتاندەینێ. منیش چوومە ژوورەوە بۆ لای قایمقام کە وا بزانم نەعمان سنجاری بوو، حاڵەکەم لەبۆی گێڕایەوە، کە پارە لە خەزینەی مێرگەسوور نەماوە و من هاتوومەتە ئێرە، بەڵکوو وا بکەی لێرە پارەکەمان بدەنێ و جارێکی تر بەم زەحمەتییە نەچم و بێمەوە. کەچی زۆر بێ شەرمانە و بێ ئەخلاقانە و لەخۆ بایی لەپێش چەند کەسێکی تر پێی وتم درۆ دەکەیت!!! منیش هەر ئەوەندەم دەسەڵات بوو بڵێم درۆ ناکەم. بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕەواندز و چەند کەسێکی تر لەوێ بوون لایەنگری من بوون و وتیان ڕاستە، ئەوسا وتی باشە بڕۆ با بتەنێ. منیش وتم ئەی ئەوەی عوسمان، وتی ئەو با خۆی بێ،



هەندێ قسەی دیکەشی کرد!!! ئەمەم بەعوسمان گەیاند، زۆر پێی تێکچوو و لەوەڵادا وتی دەسەڵات نەماوە!!.

ئەمرۆ عوسمان لەچاو پێشووتر زۆر دەست کورت بووە، کەس زەکاتی نادات، خۆیشی کاروکاسبییەکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر چی خەرجی کەمتر بووە بەڵام خەرجیش دەکا. وای لێهاتووە داری سووتەمەنی بە پارە دەکڕێ و کەس هیچی بۆ ناکا. ڕۆژێ کچێکیان کە لە پاش ئەدهەم بووە، هاتە بازاڕ و چاوی بە پارچە قوماشێ کەوت و ویستی بیکڕێ، پێیان وت ئەوە گران بووە بەماڵەوە بلێ بزان چی دەڵێن. باری ئابووری وای لێکردووە کە ناچار دەست بەکارکردن بکات.. ئەوە ماوەیەکە ئاشێکی ئاگری لە هەورازی کەرتڕێنە داناوە، خەڵکی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دێنە ئاش، بەڵام لەم دواییەدا باراشیش کەم بووەتەوە، چونکە مەزهەری کوڕی جەمالیش لە بلە ئاشێکی ئاگری داناوە. خەڵکی گوندەکانی بلە ئیتر نایەنە بارزان. لە ڕووی کشتوکاڵیشەوە، برنج و دەغڵودان لەو زەوی و زارانەی سەر زێی بادینان لە نزیکی بلە دەچێنن. بۆیە هەموو ڕۆژێ بەیانیان عیمادی کوڕی دەچێتە بلە بۆ جووتکردن و ئاودان. دوو مەکینەی ئاویان بەکرێ خستووە. هەروەها مێگەلە مەڕێکی گەورەشیان هەیە. بەڵام وەکوو جاران لێیان ناخوا و حیساب بۆ هەموو سەر حەیوانێک دەکا.

ئەو دیوخانە گەورەیەی جاران کە هەموو ئێوارەیەک لە ٢٠٠ کەس کەمتری لێ نەبوو، ئەمڕۆ ساردو سڕە و دەڵێی ئاشی ئاو لێ بڕاوە.

له بەرواری ٢١ مایسی ١٩٧٣دا لەگەڵ مامۆستاکاندا بۆ دوعا خوازی، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ساڵی خوێندنەوە، چوونە لای، دیۆخان لە حەوت کەس زیاتری لێ نەبوو. ئەوانەش دوو کەسی گوندو ئەوی تریش خزمەتکار و پیاوەکانی خۆی بوون. ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ. لەدیۆخانیشدا هەر یەکەو لە لای خۆیەوە قسە دەکا و پێدەکەنێ و بواری ئەوی تر نادا بۆ قسە کردن. کەس گوێ ناگرێ، ئەگەر چی عوسمانیش دانشتووە.. کاتی خۆی سامێکی وای هەبوو، بۆچی کەس دەوێرا نقەی لێوە بێ!!. ئێستا دیۆخان سارد بووە. میوان و هاتوچێکەرانی دیۆخان نەماوە، عوسمان خۆی کەم جار دێتە دیۆخان، ئەگەر نا هەر لەماڵەوە شەو بەسەر دەبا.

**ناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و عوبەیدوڵلا و لوقمان**

ناکۆکیی نێو بنەماڵەی بارزان هەر لگەڵ عوسماندا نەبوو، بەڵکوو مەلا مستەفا لەگەڵ کوڕەکانی خۆیشیدا کە عوبەیدوڵلا و لوقمان بوو، ناکۆک بوو!. پەوەندییان ناخۆش بوو. هۆی ئەو ناکۆکییە لەگەڵ ئەو دوو کوڕەی، لەزۆر لاوە لەوەی عوسمان دەچوو، بەڵام جیاوازی ئەو هۆیانە تەنها ئەوە بوو کە عوسمان دەیویست حوکمی بارزان بکا، بەڵام ئەوان زیاتر دەیانویست لە کاروباری شۆڕش نزیک ببنەوە و زیاتر کار بەدەست بن. بەڵام مەلا مستەفا ئەو باوەڕەی بە ئیدریس و مەسعوود هەبوو، بەوانی نەبوو!. بۆیە دەبوایە ئەوان زیاتر نزیک ببنەوە لە بابیان و ئاگاداری هەڵسان و دانشتنی



خۆیانبن بەرانبەر باوکیان. مەلا مستەفا و عوبەیدوڵلا هەر لەزووەوە نێوانیان خۆش نەبوو، ئەگەر چی دەبوایە زۆر بە پێچەوانەوە بووایە. چونکە کوڕە گەورەی مەلا مستەفا بوو و دایکیشی بارزانی بوو. ئەمەیان لەڕووی عادەتی کوردەوارییەوە، بەڵام خۆشەویستیی باوک و ڕاکێشانی سۆزیش پێویستە. وەکوو لەپێشدا باسمان کرد عوبەیدوڵلا بەوە تاوانبار دەکرا کە دەستی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا تێکەڵە و دژی شۆڕشەکەی مەلا مستەفایە. هەر بۆیەش لەو لیژنەیەی بەسرەیان دانەنا تاکوو نەبێتە هۆی هەڵوەراندنی کاروباری بارزانیان!. بۆیە دەبێ هەر دووربخرێتەوە لەو جۆرە کاروبارانە.. چونکە دەیانوت عوبەیدوڵلا لەگەڵ عوسماندا لەژێرەوە یەکن، ئەمە لەوانەشە وابێت، چونکە هەردوو لایان لەهەڵوێستیاندا بەرانبەر بە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی و لەگەڵ هەڵوێستی زێبارییەکاندا یەک بوون. ئەم ناکۆکی و ناخۆشییە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە جارێکیان لە ڕێزان لە ساڵی ١٩٧٣ مەلا مستەفا دەمانچەی لە عوبەیدوڵلا هەڵکێشابوو!! بە مەبەستی کوشتنی، بەڵام بنەماڵەی بارزانی کەوتبوونە نێوانیان و عوبەیدوڵلایان لە کوشتن ڕزگار کردبوو. ئەوە بوو عوبەیدوڵلا بەرەو بەغدا هەڵات و لەوێ حکوومەتی عێراق کردیانە وەزیر و حکوومەت سوودێکی زۆری لەو ناکۆکییە بینی و دەستی کردە پروپاگەندە دژی شۆڕشی کوردستان و مەلا مستەفا..

پەیوەندی لوقمان و باوکی (مەلا مستەفا)، لەهی عوبەیدوڵلا و باوکی هیچ چاکتر نەبوو. ئەوەندە هەبوو لوقمان هاتەوە

ڕێزان و لێی دانیشت، نه وەکوو عوبەیدوڵلا پەنای بۆ بەغدا برد.
لوقمان ١٩ شوباتی ١٩٧٢، له ماڵی مەحموود «ئاغا»ی شانەدەری بوو، ئێمەی مامۆستایانی بارزان، لەبەر ئەوەی لۆرییەکان له شیوەسوور چەقیبوون، ناچار ماین بچینه ئەو ماڵه و لەوی بۆ یەکەم جار چاومان به لوقمان کەوت. لوقمان لەسەرەتای شۆڕشدا زۆر بەناوبانگ بوو، لەشارەکاندا هاواریان دەکرد:

**بژی بابی لوقمانی**
**شەش خەریتەی لەشانی**
**ئومێدی کوردستانی**
**بژی بابی شێدریسی**
**هەقی کوردانی نووسی**

هەر وەکوو خۆی دەیوت ناوبانگی به ئازایی و شکاندنی دوژمن دەرکردبوو. لەشەڕەکانی « مەیدان مورگ » له تەمووزی ١٩٦٣ دا، کوران له ١٦ ئابی هەمان ساڵدا که لەژێر سەرکردایەتیی خۆیدا بوو. بەڵام بەم دواییه پێیان وتووه دانیشه یان دوورکەوه له شۆڕش. پاش ئەوەی بینی ئەوەی شایەنی شتێک یان شوێنێک بێ لەناو شۆڕشدا نەماوه و نابینرێ. بەو قسانەی که لەگەڵ ئێمەی دەکرد وا دیار بوو زوڵم و زۆرداری له شۆڕشدا گەورەترین هۆی بێزار بوونیەتی لەو شۆڕشەی کوردستاندا. دەیوت ئەگەر له زوڵمی بێگانەش



ڕزگار بێ، ئەوا دەکەوێتەوە ژێر زوڵمی خۆیان و ئەوانەی هەتا دوێنێ به دڵ و به گیان لەگەڵ شۆڕشدا بوون و دڵسۆزی شۆڕشن و ڕۆڵی گرنگیان لەسەرەتای شۆڕشدا بینیوە، دوور دەخرێنەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی هیچیش نەبوون، بیانبینه گەیشتوونەته چ پلەو پایەیەک، وەکوو پەندە کوردییەکە دەڵێ « کێ کردی و کێ خواردی » هەروەها دەیوت لەم دەربەگ ڕزگار دەبی، دەکەویته بەردەستی ئەوی تر. ئەوانەی تەنها بیر لەبەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە، ئەوه سەرکەوتنیان بۆ نییه.

### باری بارزان له ١٩٦٣دا

له ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا حوکمی قاسم بەدەستی بەعسییەکان تیا چوو و ڕوخێنرا. سەرەتا بەعسییەکان بەقسه دەیانوت گوایه دەیانەوێ مافه خوراوەکانی خەڵکی کوردستان بدەنەوە. بەڵام لەڕاستیدا زۆر به پێچەوانەوه بوو، چونکه هەر له زووەوە خۆیان بۆ تەفروتوناکردنی کوردستان ئامادە کردبوو. ئەوه بوو دوای ئەوەی توانیان جێی پێی خۆیان تا ڕادەیەک قایم بکەن، دواییش دەستیان بەشەڕ کردن کرد لەکوردستان و بەتایبەتیش له بارزاندا..
فیرقەی دووی سوپای عێراق تەلەگرامێکی نارد بۆ هێزەکانی خۆی له ناوچەی بارزان و تێیدا داوای کرد که بکشێنەوە و شوێنەکانیان بەجێ بێڵن، چونکو بارزان بۆمباران دەکرێ. هەموو ئەو چەکانەی له مەخفەرەکاندا هەیانبوو، پێچایانەوە. ئیتر دوای ئەو تەلەگرامه کاربەدەستانی حکوومەت گەڕانەوە

و لەگەڵ ئەوەیشدا شێخ ئەحمەد چەند پیاوێکی لەگەڵدا ناردن، ئەوەکوو لەرێگا تووشی ناخۆشی بێن. بۆ ئەوەشی بوو کەوا حکوومەت بزانێ شێخ ئەحمەد نیازی شەڕی نییە. بەڵام حکوومەتی عێراق گوێی بەوە نەدا و هێرشی ئاسمانی خۆی دژی بارزان هەر کرد.

هێزی پێشمەرگە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەولاوە، لە (سەری ئاکرێ) و لەژێر دەسەڵات و سەرۆکایەتیی عومەر ئاغا و مەلا شنێ بوون. بوونی ئەو هێزە لەوێ ، بۆ بەرگری کردنی هێزی دوژمن بوو لەویەری زێ - وە کە ئەگەر هاتوو هێرش بکەن و بپەڕنەوە ئەمبەر، ڕێگەیان نەدەن.. لیوایەکی سوپای عێراق لەگەڵ نزیکەی ١٠٠٠٠ دەهەزار جاش ( ئەم ژمارەیە لەو تەلەگرامەوە دەزانین کە بۆ حکوومەت کرابوو تاکوو خواردن درووست بکەن و ئامادەی بکەن، بۆ ئەوەی هێرش ببەنە سەری ئاکرێ..). بەو شێوەیە شەڕ دەستی پێ کرد.

شەڕی سەری ئاکرێ لە پێنجی حوزێرانی ١٩٦٣ لە نێوان پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقدا دەستی پێ کرد. لە پلانی ئەم هێرشەشدا دوژمن ئاوای بڕیار دابو کە هەر یەک مەترە زەوییەک و گوللە توپێکی پێوە بنرێ بۆئەوەی ئیتر ڕۆح لەبەر بە زیندوویی نەمێنێ!!. هێرشەکەی عێراق تا دەهات زیادی دەکرد، بارزانییەکان ناچار بوون بەرانبەر بەو هێزە گەورەیەی حکوومەت! هێزی خۆیان زیاتر بکەن تاکوو گەیشتنە ٥٠٠ کەس..

بەو جۆرە حکوومەت بە خەستی و بە توپی قورس دەستی کرد بە توپبارانکردنی مەیدانی شەڕەکە. لە ئەنجامدا یەکێک



لەو توپانە شەش پێشمەرگەی بەر کەوت، کە لە ناویاندا مەلا شنێ و ١٢ کەسی تر بریندار بوون کە یەکێکیان مەلا مستەفا خۆی بوو..

عێراقییەکان زۆر ڕقیان لە بارزانییەکان بوو، بۆیە هەر هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە لەناویان بەرن و بارزانیش لەگەڵ زەویدا تەخت بکەن. بۆیە هەر بۆ ئەو مەبەستە فڕۆکە جەنگییەکانیان هەموو ڕۆژێ دەناردە سەر ناوچەی بارزان. خەڵک لەترساندا ناچار بوون ڕۆژی ١٠ ی حوزێرانی ١٩٦٣ گوند بەجێ بهێڵن بچنە چیا. بۆمباران هەر بەردەوام بوو، لە ئەنجامی بۆمبارانی ١٢ ی حوزێرانی ١٩٦٣دا، مزگەوتی شێخ ئەحمەد بەیەکجاری لەگەڵ زەویدا تەخت کرا. ئەمە کاری زۆری کردە سەر خەڵکی بارزان .دوو کەسیش کوژران، یەکێکیان (سۆفی ئەحمەد)، کوێر بوو، کەوتە ژێر دیوارەوە. ئەوی دیکەیان موختاری گوند بوو، پارچە پارچە بوو، خەڵک گۆشتەکەیان خڕکردەوە و ڕۆژی سیازدەهەم بوو مەیتەکانیان دۆزرایەوە. ئەوە بوو لەشکری کوردستان لەو شەڕەدا خۆی لەبەر هێزی عێراقدا نەگرت و شکان و سەری ئاکرێیان بەجێ هێشت. عێراق هاتە پێشەوە تاکوو گەیشتە چیای پێرس و دەیانویست لەشکری کوردستان گەمارۆ بدەن و هەرچۆنێ بێ سەرۆکی ئەو هێزە کە مەلا مستەفایە، بیگرن.. ئەمە کارێکی زۆری کردە سەر لەشکری کوردستان و هێزی پێشمەرگە لەچیای پێرسیش خۆی بۆ ڕانەگیرا، تا وای لێهات لە ٢٧ ی مانگی حوزێرانی ١٩٦٣دا لەشکری کوردستان پەرت و بڵاو بوون و مەلا مستەفا هەرچەندە هەوڵی دا نەیتوانی پێشمەرگە

رابگرێ و شەڕیان پێ بکاو هەرکەسە هەڵی ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆی بوو. ئەوە بوو مەلا مستەفا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا مابوونەوە و ڕێگەیان لە لەشکری عێراقی دەگرت. عێراقییەکان توانییان بلە داگیر بکەن. ئەو چەند کەسەی لە چیای پێرس مابوون ، ئەوانی بەناچاری لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ئەوێیان بەجێ هێشت. مەلا مستەفاش ناچار بوو ئەو ناوە بەجێ بهێڵێ و بچێتە - بێدارووێن - ئەمە لەپاش پەرتوبلاو کردنەوەی لەشکری کوردستاندا، بەڵام هێشتا بارزان نەگیرابوو، بەڵام هێزی عێراقی هەر دەهاتە پێشەوە بەرەو بارزان. بەرەنگاریشیان وا ئاسان نەبوو چونکە زۆر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دوان لە بارزانیان کە ( قرطاس ئەحمەد و خرزی ملکۆ ) چوونە پێشەوە بۆ بەرەنگاری و ڕێگەگرتن لە سوپای عێراق. هەر نەبێ دەیانترسێنین، یان چەند کەسێکیان لێ دەکوژین.. ئەو هێزەش هەر دەهات هەتاکوو گەیشتنە سارنج و هێزی بارزانیانیان شپرزە کرد و زانییان کە بەرەنگارییان وا ئاسان نییە. لەوێدا ئەوانەی کە مابوون، کە عوسمان و هەندێک دەڵێن محەمەد خالیدیش لەگەڵ ٧٠ کەسدا، ئەوانەی سەری ئاکرێ و پێرس، ئەمانە هاوبەشیی شەڕیان نەکردبوو.. ئەوانە چوونە سارنج بۆ بەرەنگاریکردنی دوژمن. ئەوە بوو ئەو جارە مەحموود شانەدەری و حوسێن ئەحمەد ئاغای مێرگەسووری و قرطاس پێکەوە و لە یەک سەنگەردا دەبن.. لە هەموو لایەکیشەوە گوللە دەهات، مەحموود شانەدەری حوسێنی ئاگادار کردبوو کە سەر دەر نەهێنێ، بەڵام ئەو هەر سەری دەرهێنابوو و گوللەیەک بەر



نێوچەوانی کەوت و کوژرا. مەحموود شانەدەری و قرطاسیش بەناچاری جێگەکە چۆڵ دەکەن و مەیتەکەی حوسێن دەبەنە هوستان و لەوێ دەیشارنەوە. دواییش سێ کەسیتر دەکوژرێ و دەکەونە دەستی سوپای عێراق و ئەوەی خراپ و ناشیرین بوو پێیان کردبوون و دواییش لە چاڵێکدا فڕێیان دابوون.. هێزی عێراق لە بارزان نزیک بوونەوە و لە ٩ی ئابی ١٩٦٣دا بارزانیان گرت. بەڵام قرطاس و چەند کەسێکی دیکە کەتنە تەقە کردن و بەرەنگاری و شەڕ کردن، ئەوەبوو ناچار ئەو سوپایە گەڕایەوە سارنج و لەوێ ڕەبیەیان لێ دا و مانەوە. لە ٩ی ئابی ١٩٦٣دا هەر ئەو هێزە ویستبوویان بەرەو ڕیشەو هوستان بچن، بەڵام شەش کەس لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرەنگاریان بوون و ڕێگەیان لێ گرتن و ناچاریان کردن بگەڕێنەوە سارنج.

سەرکەوتنی لەشکری عێراق لەو شەڕەدا، بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، وای لە عێراق کردکە داوای چەند شتێک لە شێخ ئەحمەد بکەن. چونکە دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هاتوچۆو گفتوگۆ لەنێوانیاندا لەکاتی شەڕیشدا هەبوو. داواکانی عێراقیش ئەمانە بوون:

١- هەرچی چەکێکیان لایە دەبێ بدرێتەوە دەستی حکوومەت.

٢- حکوومەت شێخ ئەحمەد لەهەرکێ دابنێ دەبێ بچێ و لەوێ دابنشێ.

لەوەڵامدا شێخ ئەحمەد ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێ نامەوێ بارزان بەجێ بهێڵم. ئەگەر چی زۆر حکوومەت هەن و ئامادەن جێم بکەنەوە، بەڵام ئامادەم خۆم بدەمە دەستەوە

ئەگەر بێتو ئەو داواکارییانەم جێ بەجێ بکرێ:
١ـ ئێمە چەک دا دەنێین.
٢ـ سوپای عێراق بێتە بارزان.
٣ـ دابین کردنی بژێوی ئەم زستانە بۆ بارزانییەکان.

باری بارزان لەو ڕۆژنامەیەدا دیارە کە ڕێککەوتوون وەک لە ڕۆژژمێرەکەی ساڵح مەحموود دا نووسیومەتەوە. ئەو نووسراوانە هی ڕۆژانەیە و لە ٩ی مایسی ١٩٦٣ وە تا ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣. ئەگەر چی بەدوورو درێژی باسی ناکا، بەڵام هەر باشە کە ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەزانرێ، کە چەند جار بارزان بۆمباران کراوە، چەند زەرەر لە خەڵک کەوتووە، چییان کردووە.. ئەمە بەعەرەبی نووسراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا دەیکەینە کوردی:

**٩ی مایسی ١٩٦٣**
بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوون لە گوندی بارزان لە ترسی فڕۆکەکانی عێراقداو بە بۆنەی ڕێکنەکەوتن لەگەڵ حکوومەتدا.

**٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکوومەتی کۆنەپەرستی عێراقدا.



**٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
گوندەکە لە لایەن ئەو کوڕانەی کە تێیدا مەزن بووبوون، لەترسی فڕۆکە چۆڵ دەکرا و عەسران دەگەڕانەوەماڵی خۆیان.

**١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
بارزان لە لایەن حکوومەتی عەبدلسەلامی کۆنەپەرستەوە بۆمباران کرا و خەڵکی گوندەکەش تاکوو شەوان لە مزگەتەکە دەبوون.

**١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
گوندەکەچۆڵ کرا و هەموو کەسێ خێزانی خۆی لەترسی فڕۆکە بردە ئەشکەوت و بەتەواوی گوندیان بەجێ هێشت و گوند گیانلەبەری تێدا نەما.

**١٢ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
فڕۆکەکانی حکوومەتی عەبدلسەلام مزگەوتی بارزانی تەخت کرد. ئەمە کارێکی کاریگەری کرد لە دەروونی بارزانیان.

**٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣**
شەڕێکی سەخت لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکوومەتی کۆنەپەرست و جاشەکانیدا لە نەهلە ڕووی دا، بۆ دەست بەسەرا گرتنی چیای پێرس بوو کە فڕۆکە و تانکەکانی حکوومەت بە توندی و بێ پشوو دان بۆردومانیان دەکرد.

**٢٩ی حوزیرانی ١٩٦٣**

بڵا بوونەوەی هەواڵی دوورخستنەوە، لەبەر ئەوەی کە جاشەکان بەرزایی چیای پێرسیان گرت و هێزەکانمان لەوێ نەمان.

**٣٠ی حوزیرانی ١٩٦٣**

فرۆکە ڕەز و بێستان و کانیی شێخ سلێمان و محەمەد خالید و کانیاوی گرسکی تێکداو وێرانی کرد.

**٣ی تەمووزی ١٩٦٣**

شەڕ لە نێوان هێزی کورد و سوپای حکوومەتی کۆنەپەرستدا شەو لە چیای پێرس دەستی پێ کرد و بەرەی ڕزگاریخوازیی کورد هێزی جاشەکانی شکاند.

**١١ی تەمووزی ١٩٦٣**

بارزان بۆمباران کرا، ڕەز و بێستانی پیرباڵ و ماڵی محەمەد عەلی و عومەر حەسەن و بارام کەریم وێران کرا.

**١٢ی تەمووزی ١٩٦٣**

عەسرێ دوو فرۆکە هاتن و بارزان و بێستانی بنجۆلی بۆمباران کرد.

**١٣ی تەمووزی ١٩٦٣**

سێ فرۆکە لەئاسمانی بارزان دەرکەوت و دەستیان کردە



بۆردومانکردنی گوندەکە و ماڵی عەلی شهابیان بە بۆمبا زلەکانیان وێران کرد. ئەوە سێ ڕۆژ بەسەر بارزاندا بەو شێوەیە تێدەپەڕێ و هەموو ڕۆژێکیش بارزان بەفرۆکەی تازە و لە کاتژمێری ١١,٥دەقیقەی سەر لەبەیانی بۆمباران دەکرێ.

**١٧ی تەمووزی ١٩٦٣**

بڵابوونەوەی هەواڵی شکانی هێزەکانمان بەرانبەری هێزی حکوومەت لە حەریر و هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ. چوونی هەندێ لە ئاغەکان بۆ بەغدا، وەکوو مەحموود فارس، محەمەد ئەمین، بورهانە کوێر، مستۆک، محەمەد ڕێکانی، عەبدوڵڵا.

**٢٤ی تەمووزی ١٩٦٣**

هاتنی فرۆکەو بۆردومانکردنی بارزان لە ناکاودا.

**٢٨ی تەمووزی ١٩٦٣**

هاتنی فرۆکە و بۆردومانکردنی بارزان.

**٢٩ی تەمووزی ١٩٦٣**

هێزی سەربازی پشتیوانیی لە چیای پێرسەوە بەرەو بارزان پێ دەگەیشت. بە سێ جار فرۆکەی میک بارزانیان بۆمباران کرد و دەغڵ و دانی یاسین شەریف و سلێمان و قرطاسیان سوتاند.

**٣٠ی تەمووزی ١٩٦٣**

فڕۆکەکان هاتن و بارزانیان بە بۆمبی جۆری بچووک بۆمباران کرد.

**٣١ی تەمووزی ١٩٦٣**

سەر لەبەیانی شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و جاشەکاندا لە پێرس دەستی پێ کردو تاکوو ڕۆژی دوایی درێژەی کێشا و ئەنجام ١٢جاش کوژرا و ٧پێشمەرگەش لەڕۆژی دواییدا بریندار بوون.

**١ئابی ١٩٦٣**

شکانی هێزی شۆڕشگێڕان لە چیای پێرس و بڵاوبوونەوەی هەواڵی چۆڵکردنی گوندەکان لەلایەن خەڵکەوە.

**٢ئابی ١٩٦٣**

گەیشتنی هێزی حکوومەت بە بیرەکەپرە و بلە و دەرچوونی خەڵکی ناوچەی بەرۆژ بەرەو گوندی مزووری ژووروو.

**٣ئابی ١٩٦٣**

گوندی بارزان لە لایەن هێزی حکوومەت و جاشەکانەوە سوتێنرا، لەئەنجامی شکانی هێزەکانمان لەشەڕی ساریج ، دوای سەعاتێک گەڕانەوە بلە و لەوێ خۆیان قایم کرد.



**٩ئابی ١٩٦٣**

هێزی حکوومەت و جاش دەستیان بە هێرش بەرەو گوندی ڕیشە و هۆستان کرد و بەڵام هێزەکانمان بەریان لێ گرتن و دڕنیان پێ دانە دواوە.

**١١ئابی ١٩٦٣**

فڕۆکەی تورک بەسەر خاکی عێراقدا تێپەڕی و مێرگەسووریش لەلایەن حکوومەتەوە گیرا.

**١٤ئابی ١٩٦٣**

بەڕێوەبەری هێزی ڕاماڵین بڕیاری گرتنی ناوچەی هەڵەبجە و دۆڵی زینی دەرکرد.

**١٧ئابی ١٩٦٣**

دەمەو بەیان دوو فڕۆکەی تورکی هاتن و بارزانیان بۆردومان کرد.

**٢١ئابی ١٩٦٣**

هێزی حکوومەت بەرەو هۆستان و لە مێرگەسووریشەوە بەرەو گوندی...... و دواییش شانەدەر هاتن و لە هەرسی شوێن شکان و هێزەکانمان چەک و فیشەک و تۆپێکی زۆریان دەست کەوت.

**٢٧ی ئابی ١٩٦٣**

شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حکوومەتدا لە کوران گۆرەتێ و بیرەقاط دەستی پێ کرد و هێزی دوژمن بەرانبەر شۆڕشگێڕانی کورد خۆیان پێ ڕانەگیرا و زیانێکی زۆریان لێ کەوت و ١٠٠ کەسیشیان لێ کوژرا.

**٩ ئەیلوولی ١٩٦٣**

چەند فڕۆکەیەک لە جۆری هەنتەر - ی ئینگلیزی هات و ناوچەی بەرۆژی بۆمباران کرد.

**١٣ئەیلوولی ١٩٦٣**

هەندێ لە هێزەکانمان هێرشیان کردە سەر چەند مۆڵگەیەکی حکوومی لە زۆرکڤان و دووانیان لە جاشەکان کوشت و یەکێکیان بریندار کرد و چەکەکانیشیان هێنا.

**١٤ئەیلوولی ١٩٦٣**

بۆردومانکردنی - بەبان و بارزان و دەوروبەری بازی بە تۆپ، کە بووە هۆی کوشتنی گایەک و یەکێکیش لە گوندی بەبان بریندار بوو. بە تۆپ و ڕەشاش تەقەیەکی زۆر لە لووتکەی شانیک کرا.

**٢٥ئەیلوولی ١٩٦٣**

شەو بارزان و بەبان و ڕەزیا و هۆستان بە خەستی تۆپباران کران.



**٢تەشرینی یەکەمی ١٩٦٣**

فەوجی شانیک گوێزرایەوە بۆ پیرەکەپر. گرووپی سەر سارنج بەیانی لەوێ نەمان و ئێمە بەشەویدا جێگامان گرتنەوە.

**١٥کانوونی یەکەمی ١٩٦٣**

شێخ بەرەو بەغدا بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر سەفەری کرد.

## شەڕی مەیدان مورگ

تەمووزی ١٩٦٣ هێزێکی زۆر گەورەی دەوڵەتی عێراق لە نزیکی هاودیان بوو. هێزێکی پێشمەرگە کە بریتی بوون لە ٢٥ کەس بە سەرۆکایەتیی لوقمانی کوڕی مەلا مستەفا هێرشیان بردە سەریان و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن و نزیکەی ٣٠ سەربازیان لێ کوشتن و ناچاریان کردن مەیدان بۆ هێزی پێشمەرگە بەجێ بێڵن. لەهێزی پێشمەرگە یەک شەهید هەبوو، کە لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕ ١٢ کەس لەگەڵ مەیتەکەی چوونەوە و ٩ کەسیش لەگەڵ لوقماندا مایەوە. لەوشەڕەدا هێزی پێشمەرگە چەکێکی یەکجار زۆریان دەست کەوت و نەدەزانرا چی لێ بکرێ. بۆیە هەر ئەوەندەیان بۆکرا کە ١١ تفەنگ لەگەڵ ژمارەیەک فیشەکدا هەڵگرن و ئیتر ئەویتر کە بریتی بوو لە چەکی قورس و تۆپی سێ گرێ، هەموویان خڕکردەوە و ویستیان بیسووتێنن. بەڵام لەولاوە، لە بایشتیانەوە تۆپیان هاویشت و بەر ئەو چەکانە کەوت و هەمووی سووتان. هێزی حکوومەتیش هەر وەکوو چۆن

عادەتیانە، ئاوا تەلەگراف دەکەن کەوا سەرکەوتوون، بروسکەیان لێدابوو بمشێوەیەی خوارەوە:
من قوه المهاجمه الیٰ قوه المیدان
قتلنا المجرم إبن المجرم لقمان ملا مصطفیٰ ولا یزال جثته القذره مطروحه علیٰ الأرض.
ئەو تەلەگرامە کارێکی مەعنەوی زۆری هەبوو، لە هەموو ئیزگەکان بەردەوام دەخوێندرایەوە و لەهەموو لایەکەوە بەردەوام تەلەگرامیان بۆ دەهات و پیرۆزباییان لەو هێزە دەکرد.کە توانیویانە کوڕی مەلا مستەفا بکوژن. لە هەموو ڕۆژنامەکانی بەغدادا باس هەر باسی کوشتنی لوقمانی کوڕی مەلا مستەفا بوو. من بۆ خۆم ناونیشانی ڕۆژنامەی - المنار - م بینی کە نووسرابوو: « مقتل نجل الملا مصطفیٰ» لەپاش یەک دوو ڕۆژ هەر ئەو ڕۆژنامەیە بە ناونیشانێکی گەورە نوسیبووی « مقتل النجل الثانی للملا مصطفیٰ » سەرەتا من خۆم وتم لەوانەی لوقمان کوژرا بێ، چونکە لەشەڕدایە هەموو شتێ ڕوودەدا. بەڵام پاش ئەوە ناونیشانی دووەمم بینی، ئەوسا تێگەیشتم ئەوە درۆو دەلەسەیە. هەر ئەو بروسکەیەش کاری کردبووە سەر مەقەڕی بارزانی و لەوێوە بارزانی داوای کردبوو تا بزانێ دەنگ وباس چییە و مەیدانی شەڕ چۆنە!، لوقمانیش تەلەگرامەکی بۆ مەقەڕی بارزانی لێ دابوو بەو شێوەیە:
بۆ مەقەڕی بارزانی موکەڕەڕ، بۆ سەر پەلەکان، ئەوەی ڕاست بێ من زۆر باشم، هیچ زەرەرمان نەبووە،بێجگە لە یەک شەهید و یەک بریندار، بروسکەی حکوومەت درۆیە..



## شەڕی کۆران

لە ١٦ مانگی ئابی ١٩٦٣دا شەڕێکی گەورە لە نێوان بارزانییەکان بەسەرۆکایەتیی لوقمان و هێزی حکوومەتی عێراق لە کۆرانی نزیکی مێرگەسوور ڕویدا. هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا ٤٠- ٥٠ کەس دەبوون کە هێرشیان بردە سەر سوپای عێراق کە یەک لیوا دەبوون. پاش شەڕێکی کەم هێزی پێشمەرگە توانییان ئەو هێزە گەورەیەی حکوومەت بشکێنن و پەرت و بڵاویان بکەن.
قائیدی ئەو لیوایە لەناو چادرەکەی خۆی لەکاتی (نطاق) پشدیۆن کردنەوەدا گوللەیەکی بەر کەوتبوو کە لە پشتییەوە دەرچوو بوو. دەمانچەکەیشی بە ڕووتی بەدەستەوە بوو. لەسەر قەرەوێڵەکەی بە برینداری لێی ڕاکشابوو. کاتێ لوقمان چووبووە سەری و یەک گوللەی پێوە نابوو. ئەویش هاواری کردبوو ( ئای یومە ) دوایش چووبوونە سەری و دەمانچەکەیان هەڵگرتبوو و ڕۆیشتبوون.
هێزی پێشمەرگە زۆر بە ئاسانی توانیبوویان ئەو لیوایە پەرێشان بکەن کە قەت ئاوا نەبوو، خۆیان ئامادەی خۆ بەدەستەوە دان بن. هەمووش لە گوندێکدا بەچەکەوە خۆیان ئامادە کردبوو خۆ بدەنە دەستەوە. بەڵام وا دیار بوو پێشمەرگەکان ئەوەندە برسی بوون، کە هەر یەکەو خەریکی هەگبە پڕکردنی خۆی بووە. هەرچەندە لوقمان هەوڵ دەدا کە فریایان بکەون و هێزەکە چەک بکەن، بەڵام لەبرساندا کەس بەکەس نەبوو. یەکێک سوێندی لە لوقمان خواردبوو، ئەگەر خۆت سەموون بۆ خۆت نەیەنی، یەک پارچە سەموون چییە

ناتدەمێ. وەڵڵا ناگەڕێمەوە. ئیستقلالم وەرگرت. بەوجۆرە هێزی حکوومەت ڕزگار بوون لە دەست بەسەردا گرتنیان. بەزیانێکی زۆر. هێزی پێشمەرگەش ٩ بریندariyan هەبوو.

## باری بارزان لە ساڵی ١٩٧١دا

ئەو دوو ساڵەی پاش مردنی شێخ ئەحمەد. بە مێژوویەکی تایبەتی لە ژیانی بارزاندا دادەنرێ. لەو ماوەیەدا ناکۆکی لە بنەماڵەی بارزانیدا دەستی پێ کرد ئەویش بە حوکم کردن لە لایەن عوسمان و کۆتایی هاتنی بەدەسەڵات لەدەست دەرهێنانی. پەیوەندی لە نێوان عێراق و عەسماندا هەبوو، وادیار بوو عێراق دەیویست دژی مەلا مستەفا و محەمەد خالید، جێگەی عوسمان قایم بکات و پشتیوانی دەکرد، چی بە پارە و بەچەک. ئەوە بوو لەپێشدا باسی ناکۆکی نێوان بنەماڵەی بارزانی عوسمانمان کرد، ئێستا باسی ئەنجامی ئەو شەڕانە دەکەین کە لە ناوچەی بارزاندا ڕوویدا.
شەڕی نێوان عێراق و کوردستان لەو ناوچەیەدا وەکوو ساڵانی ڕابردوو گەرم نەبوو، ئەگەر چی ناوە ناوە عێراق بەفڕۆکەی جەنگی ئەو ناوچەیەی بۆردومان دەکرد. وا دیار بوو شێخ ئەحمەد لەم دواییەدا وتبووی عوسمان لەگەڵ عێراقدا ڕێک کەوتووە کە نە ئەوان لەدژی شەڕ بکەن و نە حکوومەتیش بێتە سەریان.
ئەو هێرشانەی کرایە سەر بارزان ئەمانە بوون:
فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ٤ – ٨ ی مانگی تەمووزی ١٩٧١لەسەر یەک ناوچەکانی ئەوبەری زێی بادینان و



دەوروپشتی بلەیان بۆمباران دەکرد. لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانەدا زەرەرێکی زۆر لە خەڵکی گوندەکان کەوت. بە تایبەتیش لە دەغڵودان و مەڕومالاّت. حکوومەتی عێراق بڕیاری دا پەنجا هەزار دینار دابەشی ئەو خەڵکە بکات کە زەرەریان کردووە. ئەو پارەیەش لە ڕێگەی حوسێن جەبرەوە کە سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیارانی عێراق بوو. ئەوەبوو عەبدلوهەیمەنی شێخ سلێمان پارەکەی هێنایە بارزان و لەو پارەیە تەنها دە هەزار دیناریان لێ دایە خەڵک و ئیدی ئەوی تر(حەم)کراو خورا، چۆن؟ زانینی زۆر زەحمەتە!!!. مدیر ناحیە لەگەڵ ئەولیژنەیە نەبوو بۆ دابەشکردنی ئەو پارەیە، بەلاّم سەیرە کە ڕاپۆرتی نووسیبوو لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی!!.
هێرشی ساڵی ١٩٧١ بۆ ناوچەی بارزان، وای پێ دەچوو، یەکێک لە ئەنجامەکانی پشتگرتنی عوسمان بووبێ کە ئەوکاتە هێشتا حوکمی لەدەست دەرنەچووبوو و بە گەورەی بارزان دادەنرالەو ناوچەیەدا.

## بەرهەمە بلاوکراوەکانی نووسەر

### کتێب

١- عەبدوڵلا غەفور- جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم - ١٩٩٤، ١٤٤ل.

٢- عبدالله غفور- بيبلوغرافية كردستان، ستوكهولم- ١٩٩٤، ١٢٣ص.

3- Dr. ADULLAH GAFUR. KUZEY KURDISTAN'DA YERLEŞIM YERLERI 1980 (11, ilce, bucak ve köylerinin Türkçe ve Kürtçe isimler) Stockholm- 1994, 269. S

٤- عەبدوڵلا غەفور. ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥، ٩٥ل.

٥- عەبدوڵلا غەفور. بیبلۆگرافیای کوردستان، چاپخانەی ئاپێک- ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥ (سۆرانی-کرمانجی).

Dr. Abdulla Ghafor. Bîbliografya Kurdistanê 1903-1995, Çapxane: APEC. Stockholm- 1995, rûpel (Soranî-Kurmancî)

٦- عەبدوڵلا غەفور. بارزانم چۆن دیت. چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥.

### دەستنووسەکانی نووسەر:

١- جوگرافیای کوردستان

٢- ئەتلەسی کوردستان

٣- ئاوەدانییەکانی کوردستان (٣ بەرگ. رۆژهەلات، باشوور، رۆژئاوا)

٤- لورستان

٥- دامودەزگایەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا

بەشی یەکەم: لە سەردەمی مەلیک شێخ مەحموود ١٩١٨- ١٩٢٤.

بەشی دووەم: لە سەردەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان ١٩٤٦.

## ووتار

### ١- بە کوردی

١-عەبدوڵلا غەفور. دابەشبوونی ئیداریی کوردستان گۆڤاری رووناکبیری، دیسەمبەری ١٩٩٢، ستۆکهۆڵم. ژمارە ٣٢. ل ١٧-٢٥

٢-عەبدوڵلا غەفور. کوردستانی سوور.پێکهاتن و هەڵوەشاندنەوەی. گۆڤاری رابوون ١٩٩٤، ستۆکهۆڵم. ژمارە ١٢، ل ٥٤-٦٣

### ٢- بە رووسی

I. Абдулла Г.И. Основные особенности и проблемы географии населения Ирака, Вестник Московского университета сер. 5 геогр. I978. - № 6.

2. Абдулла Г.И. Проблемы урбанизации Ирака. В сб. Тезисы конференции аспирантов и молодых ученых (научных сотрудников). Т.I. Экономика и история. Институт востоковедения АН СССР. - М., I978.

3. Абдулла Г.И. Внутренние миграции населения в Ираке. В сб. Демографический аспект современных проблем развивающихся стран. АН СССР. Институт востоковедения. - М., I979.

4. Абдулла Г.И. Факторы и особенности процесса урбанизации Ирака. / В сб. Современный Восток: политика, экономика, идеология. - М., I988.

5. Абдулла Г.И. Функции сельских поселений в Ираке. /В сб. Современный Восток: политика, экономика, идеология. - М., I988.

6. Абдулла Г.И., Аристова Т.Ф. Этнодемографический очерк Южного Курдистана. Расы и народы, I989. - № I9.

7. Абдулла Г.И. Моя родина - Курдистан. Голос курда, I992. №№ 7 - 8 (I6-I7).